# موخابەراتی عێراقیو بن لادن

ئامادەکردنی

سەرتیپ جەوهەر بابان

٢٠٠٢

## پێشەکی

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی بەناو عێراق لەساڵی ١٩٢١ تاکو ئێستا هێچ ڕژێمێك نەهاتۆتە سەر دەسەڵات هەندێك بەلای دیموکراتی شکابێتەوە ڕێزی لەمافەکانی مرۆڤ گرتبێت، نەخاسمە بەرامبەر گەلی کورد کە هەردەم دووچاوی چەوساندنەوەیو ڕەگەز پەرستی بۆتەوە، لەهەموو ئەو ڕژێمانەش خراپترو دڕندەتر کە هاتبێتە سەر دەسەڵاتو بەردەوام بوبێت لەسەر دەسەڵات بۆ ماوەیەکی زۆر دورودرێژ ڕژێمی بەعسیە کەتائیستاش بەردەوامە لەسەر دەسەڵات.

وەك دەزانین کاتێك بەعسیەکان هاتنە سەر دەسەڵات خوێنێکی زۆریان ڕشتو دەستیانکرد بە قەتڵوعامکردنی خەڵکێکی زۆر، بەتایبەتیش لەکوردستان کە ئەوکاتە کورد بەنەیاری بەعسیەکان ناسرابوون.

ئیدی لەوکاتەوە ئەو ڕژێمە بۆ پاراستنی دەسەڵاتو مانەوەی زیاتر بەردەوام بوو لە جینۆسایدو سەرکوتکردنیۆنەیارانی، هەر بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕێگەیەکیان گرتۆتە بەرو سامانێکی ئێجگار گەورەیان لەو پێناوەدا خەرج کردووەو دەیکەن.

وەنەبێ ڕژێمی عێراق تەنها لەسەر ئاستی ناوەخۆ کێشەی هەبوبێت بەڵکو لە پەیوەندیە دەرەکیەکانیشی هەردەم لەململانێو گرفت بووە، بەردەوامبونی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێرانو شەڕی کوێت نمونەی زیندوی پەیوەندییە نالەبارەکانی ئەم ڕژێمەن.

لەسەر ئاستی ناوەخۆش بۆ سەرکوتکردنی نەیاران و ئۆپۆزسیۆن دەزگایەکی جاسوسی دامەزراندووە بەردەوام لەم ماوەیەدا هەوڵی تیرۆرکردنی داوەو هاوکاری تیرۆریستانیان کردوە بۆ بەدەستهێنانی نیازە گڵاوکانیان.

ئەوەی لەم کتێبەش ڕوونکراوەتەوە باس لە مەبەستی ئەو ڕژێمە دەکات بۆ گەیشتن بەنیازە گڵاوەکانی.ئەمە لە کاتێکدا لەزۆربەی هەوڵەکانی شکستی خواردووەو دۆڕاوە. ئەوەی لێرەشدا باسی لێوەکراوە بەشێکی زۆرکەمی نهێنیەکانی ئەو ڕژێمەیە، چونکە ئەو ڕژێمە خاوەنی مێژوویەکی ڕەشی زۆر ئاڵۆزەو بەئاسانی کەتنەکانی ئاشکرا نابن.

# ئوسامە بن لادن کێیە؟

ئوسامە بن لادن وەك خۆی باسی دەکات ناوی(ئوسامە کوڕی محەمەد عوز کوڕی لادن)ە، لەساڵی ١٩٥١لەڕیازی پایتەختی سعودیە لەدایك بووەو لەتەمەنی(١١)ساڵیبووە باوکی کۆچی دوایی‌کردووە، بۆیە ئوسامە هێندە باوکی خۆی نەبینیوە، باوکی ئوسامە باوکێکی زۆر زاڵ بووە بەسەر خێزانەکەی‌و توانیویەتی کۆنترۆڵی تەواوی بکات.

باوکی ئوسامە یەکێك بووە لەکەسایەتییە زۆر نزیکەکانی (شێخ عەبدوڵڵا سلێمان حەمدان)ی وەزیری دارایی‌و یەکێك لەگەورە یاریدەدەرەکانی مەلیك عەبدولعەزیز عبدالرحمن ئال سعود لەئیدارەی سعودیە. کەئەو کابرایە توانی بەمەلیك عەبدولعەزیزی بناسێنێت‌و ببێتە یەکێك لەهەرە گەورە بەڵێندەرانی(مقاول) عەرەب‌و جیهانی. باوکی ئوسامە توانی بەهۆی کاری بەڵێندەرایەتی بگاتە ئاستێك کە کۆمپانیای عەرەبی – ئەمەریکی نەوتی(ئارامکۆ) دامەزرێنێ‌و چەند فڕۆکەخانەیەك‌و وەزارەتێك‌و هەروەها چەندین پردو ڕێگای گەورە دروست بکات، هەر ئەویش بوو وای‌کردبنەماڵەی ئال سعود هێندەی تر پییان قایمتربێت لەسەر دەسەڵاتی سعودیە. چونکە (محمد عەوز بن لادن) توانی هەرچی گوندو شار هەیە ڕێگاو خزمەت گوزاییان بۆ دابین بکات‌و ئەو گرکانە بەتەوژمەی خەڵکی سعودیە لەدژی ئال سعود هەڵیان گیرساندبوو دابمرکێنێتەوە. دواتر محەمەد عەوز بن لادن

باوكی ئوسامە بەهۆی سووتانی فڕۆكە تایبەتییەكەی لە (وادی الدواسر) گیانی لەدەستدا.

## دایكی ئوسامە

-لەبەرئەوەی باوكی ئوسامە ژنی زۆری هێناوە، تائێستا بەدڵنیایی نازانرێ دایكی ئوسامە ناوی چییە، بەڵام بەهەرحاڵ یەكێك لەڕاكان دەڵێت دایكی ئوسامە ناوی حەمیدە بووەو خەڵكی سوریا بووە، كاتێكیش شووی بەمحەمەد عەوزی باوكی ئوسامە كردووە تەمەنی ٢٢ساڵان بووە، حمیدە كچی بازرگانێكی سوریبووەو ژنی دەیەمین یان یانزەیەمینی محمد عەوز بووە.

محمد عەوز بۆ هەر خێزانێكی ڤێلایەكی گەورەی دروست كردووە لەحیجاز یان لەجەدە. بۆ ئەو ژنانەی لای بوون یان ئەوانەی مردن و تەڵاقی دابوون. براو خوشكەكانی ئوسامە هێندە زۆر بوون تەنانەت ئوسامە ناوی هەموویانی نەزانیوە چونكە نزیكەی شەست براو خوشكی هەبووە، بەڵام سەرچاوەیەكی تر دەڵێت: دایكی ئوسامە ناوی(**علیاء**) بووەو خەڵكی لازقیەی سوریابووە، هەروەها دەڵێن ئوسامە ٢ساڵ لەلازقیە خوێندویەتی و دایكیشی لەكارەساتی كەوتنی هەلیكۆپتەرەكە گیانی لەدەست داوە. ئەوكاتە ئوسامە بەمردنی دایكی زۆر دڵگران بووەو كاریگەری دەروونی لەسەر دروست كردووە. بەهۆی ئەوەی دایكی خەڵكی سوریابووە دایكی ئوسامە زۆر لەژنەكانی تری محمەمەد عەوز ڕۆشنبیرتر بووە. ئوسامەش بەمناڵی لەگەڵ دایكی هاتوچۆی سوریای دەكرد.

دواتر لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا ئوسامە كچی خاڵی خۆی لەسوریا دەهێنێت كەناوی(نجوی غانم)ە و پاشان ژنێكی تر دەهێنێت لەسعودیە كەناوی (ام حمزە)بووەو، دواتر كچی مەلا عومەری سەرۆكی تاڵیبانیشی هێناوە، ژنێكی تریشی هێناوە خەڵكی سعودیایە.

لەچاو پێكەوتنێكیدا لەگەڵ گۆڤاری (المجلە)ی سعودی یەكێك لەژنەكانی سەبارەت بە ئوسامە دەڵێت: ئوسامە چوار ژنی هەیە لەكاتی حوكمی تاڵیبان لەئەفغانستان یەكێكیان لەكابول بوو دوانیان لەقەندەهار بوو یەكێكیشیان لەتۆرابۆرابوو، هەموو مانگێكیش لەماڵی یەكێك لەژنەكان كۆدەبووینەوە، هەر یەكێكیشمان خانوی تایبەتمان هەبوو مناڵەكانی ئوسامە مامۆستای تایبەتیان هەبوو وانەكانی عەرەبی و ئینگلیزی و زانستەكان و كۆمپیوتەری پێدەووتن. سەبارەت بە زانیاریە تایبەتیەكانی ئوسامە دەڵێت ئوسامە هەر زوو پێیووتم هیچ پرسیارێكم لەبارەی كارەكانم ڵنەكەیت و لێی مەدوێ، هەروەها دەڵێت ئوسامە زۆر حەزی لەڕاوبوو هەموو هەینیەك لەگەڵ كۆمەڵێك هاوڕێی دەچوە ڕاو، شەوانە زۆر درەنگ دەهاتەوەو زۆر درەنگیش دەخەوت. لەكاتی لێدانەكەی ئەمەریكا ساڵی ١٩٩٦بۆ ماوەی ٢ مانگ چوینە ئەشكەوتێك تا ڕۆژێكیان خۆیی وكۆمەڵێ لەپیاوانی هاتن ئێمەیان برد بۆپاكستان.

مردنی محەممەد عەوز کاریگەری زۆری لەمەلیك فەیسەڵی مەلیکی عێراق کرد چونکە بن عەوز لایەنگیری زۆری مەلیك فەیصەلی دەکرد، کاتێکیش کە محەممەد عەوز کۆچی دوایی کرد مەلیك فەیسەڵ هەڵسا بەپێك هێنانی ئەنجومەنێکی ئیداری بۆ بنەماڵەکەی بن عەوز بۆ ئەوەی کاروباری هەموو کۆمپانیاکانی محمەد عوچ بەڕێوەببات تا مناڵەکانی محەمەد عەوز دەگەنە تەمەنێك کەبتوانن بەخۆیان کارەکان بەڕێوەبەرن.

## ئوسامەو خوێندن

ئوسامە لەساڵی ١٩٥٨دەچێتە قوتابخانەو تاساڵی ١٩٦٩ سەرەتای و ناوەندی تەواودەکات و دەچێتە زانکۆی مەلیك عبدوالعزیزو بەشی کارگێڕیی و ئابوری لەساڵی ١٩٧٢ زانکۆ تەواودەکات. چاودێرانیش پێیان وایە ئوسامە لەوساکەوە چۆتە نێوکاری ئیسلامیەوە.

- لەسەرەتادا بن لادن وەك کارمەندێك لەکۆمپانیاکەی باوکی کاریکردووە، لەوکەین وبەینەی فراوان بوونی کۆمپانیای باوکی لەکۆمپانیایەکی بچووکەوە بۆ کۆمپانیای نەوت و فڕۆکەخانەو وەزارەتی بەرگری و ڕێگاوبان و..تد. ئوسامە فێری شارەزاییەکی زۆرباشی ئەندازیاری بوو، دواتر لەگەڵ ئەندازیارە عەرەب و ئەوروپی وئەمریکی یەکان بەشداری چەندین کاری کرد.

- خێزانەکەی ئوسامە بەردەوام کێشەو گرفتی هەبووە، واتە گرفتەکان موزمین بوون. بەڵام لەکۆتایی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی خێزانەکەیان کێشەکانیان بەشێوەیەکی گشتی چارەسەردەکرد کەبەشێوەی دەنگدان بووە لەئەنجومەنی خێزانەکەیان، جگە لەڕەتکردنەوەی ئوسامە بن لادن.
- بن لادن خاوەنی پارەیەکی ئێجگار زۆرەو توانایەکی بەرزی هەیە لەتاکتیکی عەسکەرو سیاسی و توانیویەتی ڕێکخراوێکی پەرش و بڵاو لەجیهان دابمەزرێنێت بەناوی ئەلقاعیدە.
- بن لادن لەوەتەی حوزەیرانی ٢٠٠١بیرۆکەی خۆتەقاندنەوەی بەفڕۆکە یان بەکارهێنانی فڕۆکە بۆخەتەقاندنەوەی وەك ڕێگەیەکی خوێخستۆتە گەڕو کاری پێدەکات. مانەوەی ژیانیشی لەماوەی ڕابردوولەسەر سنووری چین و سۆڤیەت لەئەفغانستان وایکردووە بەئاسانی دەسگیر نەکرێ، لەکاتێکدا پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ زۆرێك لەسەرەك عەشیرەتەکانی ئەفغانیستان هەیە.
- ڕۆژنامەی ئەلشەرق لئەوسەت لەژمارەیەکیدا ژمارەیەك وێنەی بڵاوکردۆتەوە کە کۆمەڵەی زاناکانی ئەمەریکا بڵاویان کردبۆوە، لەوێنەکاندا سەربازگەکانی ئوسامە بن لادن دەردەکەون کە پێشتر لەلایەن مانگی دەستکرد (ئیکۆنۆس)ەوە گیرابوون، ئەم مانگە دەستکردە توانای ئەوەی هەیە لەبەرزایی ٦٨١کیلۆمەتر ژمارەکانی ئۆتۆمۆبیلێك بگرێ لەتاریکە ئەو کە لەشەقام ڕێبکات، بەڵکو تۆماری بکات، ئەم مانگە دەستکردە ٦ کامێرای ئەلەکترۆنی زۆر ووردی پێوەیە و دەتوانێ ڕاپۆرتی وورد لەهەر پشکنینێك پێشکەش بکات

ئەگەر لەشەوەزەنگینش بێت. ئەم مانگە دەسکردە لەماوەی یەک چرکەدا(٧)کیلۆمەتر دەبڕێت و لەماوەی ٩٨دەقیقەدا بەتەواوی زەوی دەخولێتەوە. بۆیە بەرلەلێدانی ئوسامە بن لادن لەئەفغانستان لەمانگی ١ی ٢٠٠١ دەزگای موخابەراتیئەمریکی وێنەی تەواوی هەموو سەربازگەکانی لابووەو لێکۆڵینەوەی تەواویان لەسەرکردووەو لەهەموو ڕویێکەوە. ئینجا گەر باس لەووردەکارییەکانی بن لادن بکەین ئەوا پێویستی بەنووسینی زۆرهەیە.

## پەیوەندی ئوسامە بە موخابەراتی ئەمەریکی CIA.

زۆر دەنگوباس لەسەر پەیوەندی دەزگای جاسوسی ئەمەریکیو ئوسامە هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیەکە ئوسامە بەدڵنیاییەوە پەیوەندی لەگەڵ دەزگای موخابەراتی ئەمەریی هەبووە، بەڵکو ئەم دەزگایە لەماوەی شەڕی سۆڤیەت یارمەتیو کۆمەکی ماددیو سەربازی گەورەی پێشکەش بەئوسامە کردووە.

بەڵام وادیارە ئەم پەیوەندییەی نێوانیان پەیوەندییەکی بەرژەوەندی ڕووت بووەو لەکاتی نەمانی بەرژەوەندییەکان هەموو پەیوەندییەکان پچڕاون. ئەم پەیوەندییەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆنەبووە لەنێوان هەردوولا. بەڵکو ئوسامە سوودی لەبوونی سۆڤیەت وەرگرتووە لەئەفغانستان.

هەر بۆیەش یارمەتیەکان کاتێك دەگەیشتە ئوسامە بن لادن ڕاستەوخۆ لەدەزگای موخابەراتی ئەمەریکاوە ڕەوانە نەکراوە، بەڵکو لەڕێگەی پیاوێك کە ئەو کاتە لەڕێی موخابەراتی پاکستانیو هەندێك گروپی ئیسلامی لەپاکستانەوە بووە.

بەهەرحاڵ ئوسامە بن لادن لەسەر ڕۆژئاوا حیساب بوو لەشەڕکردنی دژی سۆڤیەت. ئەوکاتەش زۆربەی ئەمەریکیەکان بیریان لە دواڕۆژێکی وەك ئەمڕۆی ئوسامە نەدەکردەوە. کاتێکیش ئەمەریکا دەستی لەئەفغانستان کێشایەوە و هێزەکانی سۆڤیەتیش پاشەکشەیان کرد ئەفغانستانێکی وێرانو کاول جێما، کەوایکرد کەسانێکی وەك تالیبان بێنە ئەم وڵاتەو جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست.

## پەیوەندی ئوسامە بە ویلیەم کیسی

سەرچاوە ئاگادارەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئوسامە بن لادن پەیوەندییەکی تۆکمەی هەبووە لەگەڵ ویلیەم کیسی بەڕێوەبەری پێشووی موخابەراتی مەرکەزی ئەمەریکا وەك هەردوو لاش یەکتریان بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندی یەکتری. ئەگەر چی هەردوولا بوونی ئەو پەیوەندییە ڕەت دەکەنەوە. چونکە لەوانەیە ببێتە جۆرێك لەئیحراجی بۆ هەردوولا بۆیە باسی لێوە ناکەن.

لەساڵی ١٩٧٨ ئەفسەرە ئەمریکیەکان ڕێگەیان دا بەناردنی ٦٥ تەن چەك بۆ ئەفغانستان کاتێکیش شەڕ تەواوبوو ئوسامە بن لادن ووتی: ئەمریکیەکان حەزیان لەجیهادی ئێمە نەدەکرد بەڵام دەترسان لەگەیشتنی سۆڤیەت بەئاوە گەرمەکان، کەیارمەتی ئێمەشیان داوە بۆ

کەنارگیرکردنی یەکێتی سۆڤیەت بووە. کاتێکیش گۆڕباچۆڤی سەرۆکی سۆڤیەت کشانەوەی سۆڤیەتی ڕاگەیاند ڕاستەوخۆ سعودیەو ئەمریکا یارمەتیەکانیان بۆ چەکدارەکانی ئەفغانستان ڕاگرت.

لەگەڵ ئەوەی ئوسامە لەسەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نەبوو لەگەڵ موخابەراتی ئەمەریکا( CIA)، بەڵام موخابەراتی ئەمەریکا زۆر پێیان باش بوو کە دەوڵەمەندێکی سعودی دەرکەوتووە لەئەفغانستان و شەڕ لەدژی سۆڤیەت دەکات و یارمەتی ئەفغانیەکان دەدات، بەڵکو یارمەتییاندا لەساڵی ١٩٨٦ بەدروست کردنی ((تونێلی خوستی)) بەناوبانگ تاوەکو ببێتە حەشارگەیەك بۆ جبەخانەی چەك و هەروەها وەك نەخۆشخانەیەکی نهێنیش بەکاری بهێنن بۆ چەکدارانی ئەفغانستان.

- جۆرج گالۆوای ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا پێی‌وایە ئوسامە لەلایەن ڕۆژئاواوە هێنراوەو یارمەتی‌دراوەو گەیەنراوەتە ئاستێك شەڕی سۆڤیەت بکات. چونکە ئوسامە حەماسێکی زۆری هەبوو خاوەنی پارەو یارمەتیەکی زۆری لۆجستی‌بووە، هەروەك خاوەنی خەڵکێکی زۆربووە لەووڵاتە یەککگرتووەکان و زۆر لەووڵاتانی ئیسلامی و ئەوروپا. بەڵام دوای کشانەوەی سۆڤیەت بوونە دژی یەك وەك ئوسامە بن لادن دەڵێت: کاتێك عەبدوڵڵا عەزامی سەرکردەی ئیسلامی کە خەلکی فەلەستینە خۆی و دوو منالی لەبیشاوەری پاکستان لەساڵی ١٩٨٩ کوژران ئیتر هەستمان بە هەولی کوشتنمانکرد لەیەن موخابەراتی میسری و پاکستانی و ئەمریکی

بۆیە ریگەو تەدبیری زۆرمان گرتەبەر بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو سێ دەزگایە کەلەدژمان یەکتریان گرتبوو بەتایبەت لەکاتیکدا ئیمە بەلگەنامەی زۆرمان پیبوو کە تیوەگلانی ئەو سێ‌دەزگایەی دەسەلماند لەیارمەتی‌دانی ماددی و لۆجستی بۆ ئیمە.

دواتر لەگەڵ دەستپیکردنی شەری کویت و داگیرکردنی کویت لەلایەن رژیمەوە بانگ کردنی سوپای ئەمریکا لەلایەن ووڵاتانی کەنداو، بووەمایەی نیگەرانی تەواوی ئوسامە، چونکە ئوسامە پیی وابوو دەبێ دژایەتیان بکرێ و دەربکرین لەخاکی ((پیرۆزی موسلمانان)) هە بۆیەش لەوکاتەوە دەستی‌کرد بەکارکردن دژی ئەمەریکاو رۆژئاوا.

## گەرانەوە بۆ سعودیەو دواتر بۆ سۆدان

دوای مانەوەیەکی زۆر لەئەفغانستان ئوسامە بن لادن گەرایەوە بۆ سعودیە بەر لەداگیرکردنی کویت لەلایەن عیراقەوە سالی ١٩٩٠، بەلام بەهۆی چالاکی بەردەوامی ئوسامە لەسعودیە حکومەتی ئەو ووڵاتە گوشاری زۆر خستەسەر ئوسامەو لەسعودیە دەری‌کرد، بۆ ئوسامە لەسالی ١٩٩١ لەبەر گوشاری حکومەتی سعودیە بەرەو سۆدان کەوتە رێ. ئیدی لەوکاتەوە ئوسامە هەولی پیی قایم کرد لەسۆدان. بەپیی زانیاریەکان ئوسامە بن لادن و هەندیك لەپیاوانی لەسالی ١٩٩١گویزرانەوە بۆ خەرتومی پایتەختی سۆدان و حەسەن تورابی

سەرکردەی پارتی نەتەوەیی ئیسلامی پیشوازی گەرمی لەبن لادن کرد.

ئوسامە لەسەرەتای ساڵانی هەشتاوە هەولی دا ئەو پارەی هەیەتی لەسۆداندا بیخاتە کارو پرۆژەی بەرهەم هینی پێدروست بکات، بەڵام بەهۆی بەردەوامی شەری نیوان حکومەتی ئیسلامی لەباکور بزوتنەوەی مەسیحی کەرنەق لەباشور نەیتوانی ئەوکاتە ئەو کارە بەئەنجام بگەیەنێ بەڵام لەسالی ١٩٩٣وەسەرەتای کارو پرۆژە بەرهەم هینەکانی لەسۆدان دەستپیکردو توانی لەماوەیەکی زۆرکەم قازانجیکی زۆر بکات بەهۆی گریبەستی لەگەڵ گەورە بازرگانان و حکومەتی سۆدانی.

پەیوەندی‌یەکانی نیوان تورابی و ئوسامە دەگەریتەوە بۆ سالی ١٩٨٢ئەویش کاتیک ئوسامە کچی خوشکیکی تورابی دەهینیت کە ئەو کاتە تورابی راویژکاری سەرۆکی سۆدان جەعفەر نومیری‌بوو. دواتر لەسالی ١٩٨٩ پارتەکەی بەشیرو تورابی توانیان لەریگەی کودەتایەکی سەربازی دەسەلات لەسادق ئەلمەهدی بسەنن و لەسەر کاری لاببەن. ئیدی لەوکاتەوە دەرگا خرایە سەر پشت بۆ هاتنی ئوسامە بۆ سۆدان.

ئوسامە هەر لەگەڵ هاتنی بۆ سۆدان کەوتە پەیوەندی‌یەکی تۆکمەو توندۆتۆڵ و شەخسی لەگەڵ عومەر ئەلبەشیرو تورابی تارۆژیکیان لەداوەتیکی نان خواردن بۆ ئوسامە لەلایەن تورابی‌یەوە، تورابی بەئوسامە دەلیت: رازی بووین بەپیشکەش کردنی هەموو هاوکاریەك بۆتۆو هەروەها وەرگرتنت وەك راویژکارو ئەندامی بەرەی نەتەوەیی ئیسلامی لەسۆدان، بەڵام ئوسامە لەبەرامبەر وەرگیرانی وەك ئەندام بری(٥٠)هەزار دۆلاری پیشکەش بەئەلتورابی کرد وەك رەسمی بەئەندام بوون، پاشان ئوسامە لەوەزعی سودان قۆڵ بۆوە بۆ زیاتر بەگەرخستنی پارە لەم وولاتەدا، ئەوەبوو سەردانی وەزارەتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەوەردەو تەندروستی کرد. بۆ وەرگرتنی ئەو تەندەرانەی پیویست بوون جێبەجێبکرین.

بن لادن پشتیوانیکی گەورەی لیدەکرا لەلایەن حکومەتی سۆدانی بەتایبەتیش لەلایەن حەسەن تورابییەوە، هەروەك ئیعفاکرا لەهەموو رسوماتی گومرگی ئەو کەل وپەلانەی ئوسامە مامەلەی پیدەکرد لەسۆدان بەتایبەت ئەو ئۆتۆمبیل و شۆفڵ و لۆرییانەی لەئەلمانیاوە بۆ پرۆژەکانی بەرهەم هینان کەبایی ٣٥ملیۆن دۆلاری ئەمریکی‌بوو بۆ بنیاتنانەوەی کۆمپانیاکانی ریگاو پردو شوقە بوو لەسۆدان بەهاوکاری هاورییەکی بەناوی گاهر عبدالقادر السودانی بوو.

ئەو پەیوەندییە بەرژەوەندیدارەی نیوان هەردوولا بەفیعلی خرایە بواری جێبەجێکردن و ئوسامە هەلسا بەبنیاتنانی دەیان پرۆژەی گەورە لەم وولاتە کە گەورەترینیان دروستکردنی بەنداوی (روسیرس) بوو کەبەگەورەترین بەنداوی سودانی دادەنریت لەبەرامبەریشدا دروست کردنی ٢٣ سەربازگەی تایبەت بەعەرەبە ئەفغانیەکان بۆ راهینانیان لەسەر هونەری جەنگ. لەهەمان کاتدا ئوسامە راسپیردرا بەجێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی گەورەی‌تر کەلەپیشتر جێبەجێ نەکرابوون کە گرنگترینیان قیرتاوکردنی ریگایەك بوو بەدووری ٧٠٠کم کەپیشتر بریار بوو حکومەتی سعودیە بەناوی ریگای مەلیك

فەهد دروستیبکات بەڵام بەهۆی تەنگژەی نیوان سۆدان و سعودیە جێبەجێنەکرابوون. هەروەها دروستکردنی ریگای نیوان خەرتوم و شەنەدی بەدریژایی ٥٠٠کم هەروەها بەشداری کردنی خەرتوم و شەنەدی بەدریژایی ٥٠٠کم. هەروەها بەشداریکردنی لەپرۆژەی بەناو(زەهد)و(کنانە) لەگەڵ بانکی باکوری سۆدان بەبری ٥٠ ملیۆن دۆلار لەبەرامبەر کارگیری ملیۆن دۆنم زەوی لەناوچەی کەردەفانی رۆژئاوای سۆدان بۆ کشتوکاڵ و لەوەرگا.

ئیدی لەو کاتەدا ئوسامە بن لادن وەك فریادرەسیکی لیهات بۆ حکومەتی سۆدان کەئەو کاتە لەتەنگژەیەکی ئابووری زۆر تەنگ دەینالاندو ئابلوقەی ئابوریشی لەسەر بوو. ئوسامەش زۆر بەئاسانی دەیتوانی پارە لەدەرەوە رابکیشیت و خۆیشی خاوەنی پارەیەکی ئیجگار زۆربوو بۆیە لەسالی ١٩٩٣ حکومەتی سۆدان داوای لەئوسامە کرد بری ٨٠ ملیۆن دۆلار وەك قەرز بداتە حکومەتی بۆ هاوردەکردنی کەرەستەی پیویست و خواردەمەنی، چونکە سۆدان رووبەرووی برسیتیەکی گەورەببۆوە. لەکاتیکدا هەرچی گەنجینەی سۆدان هەبوو بەرەو ووشك بوون دەرۆیشت و هیچ هیوایەکیش نەمابوو بۆ یارمەتی لەدەرەوە. بەڵام ئوسامە ئەو پارەیەی یەکجێ بەخشی بەحکومەت و داواکەی جێبەجێکرد.

ئەو هەلویستەی بن لادن وایکرد هیندەیتر لەئەلبەشیر نزیك بیتەوە، هەر ئەمەش بوو وایکرد ئوسامە ئامادەی کردنەوەی فرۆکەخانەی پۆرسۆدان بیت کە لەلایەن کۆمپانیای بن لادنی بنەمالەی ئوسامەوە دروست کرابوو تیاشیدا عەبدلسەقەر سەرۆکی بانکی سعودی وعومەر محمەد بن لادنی برای لەباوکی بن لادن و ئەبوبەکر سالمی بەرێوەبەری کۆمەڵەی بن لادن لەسعودیەو دوبەی و مالیزیا و میسرو لوبنان بەشداربوون.

لەئاهەنگی کردنەوەی فرۆکەخانەکەدا کەلەلایەن کۆمەڵەی بن لادنەوەدروست و نوێکرابۆوە، ئوسامە بری ٣,٥ملیۆن دۆلاری ئەمریکی پێشکەش بەحکومەتی سۆدان کرد بۆ زیاتر ڕازانەوەو کارپێکردن و کڕینی هەندێ ئامێری تازە تایبێتە فرۆکەخانەیەکی نێو دەوڵەتی. بەوەش خەرجی نوێکردنەوەی فرۆکەخانەکە گەیشتە ٣٠ملیۆن دۆلار.

پاشان گوشاری بەهەوژمی ئەمەریکا لەسەر سۆدان بەهۆی ئابلۆقەی ئابووری و سیاسی وای لەسۆدان کرد هەوڵی دەرکردنی عەرەبە ئەفغانییەکان بدات بەئوسامە بن لادنیشەوە، بەڵام چ کاتێك، کاتێك دەستێکی بالایان لەسۆدان پەیداکردبوو، پاشان کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی ڕۆژی ٢٠/ئابی ١٩٩٨بەموشەك کارگەی شیفا لەسۆدان موشەك باران بکرێ. لەهەمانکاتدا ئوسامە بن لادن پەیوەندییەکی زۆر گەرمی لەگەڵ صلاح ئیدریسی گەورە دەوڵەمەندو ڕاوێژکاری بانکی کشتوکاڵی سعودی هەبوو کەئێستا لەجدە دادەنیشێ. بەپێی زانیارییەکان کارگەی شیفا مادەی کیمیاوی و بایەلۆژی بەرهەم دەهێنا لەشوێنێك کە ٩کم لەکارگەکەوە دوور بووە کەلەلایەن ئەمەریکاوە موشەك باران کراوە تێکدرا بەڵام هەندێك کاری نهێنی هەبوو حکومەتی سۆدان نەیدەویست ئاشکرا ببێت لەو کاتەدا بۆیە مەسەلەکە زۆر نەوروژێنرا لەلایەن حکومەتی سۆدان. چونکە هەندێ

زانیـــاری وورد لەلایـــەن دەزگـــای (CIA) گەیشـــتبووە ئەمـــەریکا نهێنیەکانی ئاشکرادەکرد.

## سەربازگەی بن لادن لەسۆدان

بـەهۆی ئـەوەی بـن لادن نزیـك بـوو لەسـەرکردایەتی حکومـەتی سۆدانی، بواری بۆ ڕەخسابوو بەتەواوی‌و بێسانسۆر جووڵە بکات‌و کار بۆ ئەوە بکات کە دەیەوێ. بن لادن خۆی لەناوچەی درمان دەژیاو پیشتیوانییەکی تەواوی لەلایەن سەرەك وەزیران حەسەن تورابیەوە لێدەکرا. هەروەها بەهۆی نزیکی میسر لەسۆدان‌و بوونی ژمارەیەکی زۆر لەعەرەبە ئەفغانییەکان لەمیسرو بوونی بزوتنـەوەی جیـهادی ئیسلامی بەسەرۆکایەتی ئەیمەن ئـەلزەواهیری لەناوچەکە ئەمانـە هەمووی وای‌کرد بەئاسانی سەربازگەی گەورەو پڕچەك لەسۆدان دابمەزرێنێت. هەر لەوێش ئوسامە نەخشەی کێشا بۆ لێدانی بەرژەوەندیەکانی سعودیەو جەزائیرومیسر. لەوێوە سەرەتای دروست کردنی ڕێکخراوێکی تۆکمە دەرکەوت بەتایبەت هەڵسا بە ڕێکەوتن لەگەڵ زۆر لەگەورە سیاسیانی هەندێ وولاتی عەرەبی، دواتر لەساڵی ١٩٩٤ وەدیع لحاج لەتەکساسەوە گەیشتە خەرتوم وەك یاریدەدەرێکی کارای ئوسامە بن لادن. ئەو کابرایە لەدایکبووی ١٩٦٠ە وە پێشتر مەسیحی بووەو دواتر بووە بەئیسلام.

دۆناڵد پیترسۆنی باڵیۆزی ئەمەریکا لەخەرتووم(١٩٢٢-١٩٩٥) دەڵێت: ڕاستە پڕۆژەکانی ئوسامە لێرە یاسایی‌بوون، بەڵام ئەوەی لەپشت پڕۆژەکانەوەبوون چین‌و چیبون؟ دیارە یەکەم جار ئەمەریکا هێندە هەستی بەمەترسی ئوسامە نەدەکرد بۆیە باسی نەدەکرد وەك گەورە بەرپرسانی سۆدانیش باسی دەکەن، لەسەرەتا ئەمریکیەکان گوشاریان دەخستە سەر ئێمە لەبەر بوونی ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی فەلەستین(حەماس)و(جیهاد)بوو لەسۆدان. بەڵام دواتر ئوسامە بووە ئامانجی ئەمەریکا لەسۆدان بەتایبەت لەلایەن دەزگای مخابەراتی مەرکەزی(CIA). چونکە ئوسامە جیهادی لەدژی ئەمەریکاو سعودیەو هەندێ وولاتی دیکەی عەرەبی ڕاگەیاندبوو. هەروەها حکومەتی سعودیە لەساڵی ١٩٩٤تەواوی پارەی ئوسامەی لەسعودیە بلۆك کرد ئەگەرچی پاشان سعودیە بڕیاری‌دا بڕی ٣٠٠ ملیۆن ڕیاڵ ببەخشێتە ئوسامە گەر دەست لەو جیهادە هەڵگرێ کەلەدژی سعودیە ڕایگەیاندووە کە دەکاتە ٣٣٩ ملیۆن پاوەندی ئەستەرلینی‌و زیاتر لە٦٠٠ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی.

دواتر لەساڵی ١٩٩٦ کاتێك ئوسامە سۆدانی بەجێ‌هێشت هەموو مامەڵەکانی بڕاندەوەو هیچ حسابێکی لەسۆدان نەماو نەیهێشت.

## گەڕانەوەی بن لادن بۆ ئەفغانستان

دوای گوشاری زۆری ئەمەریکا بۆ سەر حکومەتی سۆدان مەسەلەی بوونی بن لادن لەم وولاتە، حکومەتی سۆدان بەناچاری بڕیاری دا ئوسامە بن لادن دەربکات. چونکە ئەوکاتە سۆدان دەیویست پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاسایی

بکاتەوە. ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیشی بەند بوو بەچاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا، بۆیە ئەمەریکا گوشاری زۆر بۆ هێناو تاناچاری کردن ئوسامە لەساڵی ١٩٩٦دەربکات.

کاتێك ئوسامە تێگەیشت و زانی ناچار دەبێ لەم وڵاتە بڕوات یەکسەر بیری لەشوێنێك کردەوە لێی نیشتەجێبێت کە بتوانێ هەموو ئەو شتانەی دەیەوێ بەبێ سانسۆرو کێشەو سەریەشە جێبەجێیان بکات. ئەوکاتەش ئەفغانستان بۆ ئوسامە بن لادن باشترین جێگەو لانەبوو چونکە لەلایەك ماوەیەکی زۆر لەسەردەمی شەڕی سۆڤیەت لێی ژیابوو شارەزای سروشت و پێکهاتەی ئەم وڵاتە ببوو، لەیەکیتر دۆست و ناسیاو هەوادارێکی زۆری هەبوو جگە لەوەش ئەم وڵاتە وڵاتێکی بێیاساو سنووربوو نزیکیش بوو لەپاکستان و ئێران و چین کە دەیتوانی هەموو کاتێك سوودی لێببینی هەروەك دوای ١١ی ئەیلول سوودی گەورەی لێدیت و لەوێوە پەڕیەوە دەرەوەی ئەفغانستان.

کاتێکیش گەڕایەوە ئەفغانستان تازە سەرەتای گەشەکردنی بزوتنەوەی تالیبان بوو.

بزوتنەوەی تاڵیبان لەسەرەتای نەوەدەکان لەئۆردوگاکانی پەنابەران لەپاکستان دروست بوو. بەڵام لەماوەی ساڵی ١٩٩٦حکومەتی پاکستان بۆ دەست وەردانە ئەفغانستان و دروست کردنی لایەنگری لەم وڵاتە یارمەتی زۆری تاڵیبانیدا لەڕێی دەزگای موخابەراتی خۆیەوە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و دەرکردنی بورهانەدین ڕەببانی و ئەحمەد شامەسعود.

بۆیە کاتێك گەیشتە ئەفغانستان پەیوەندی تۆکمەی لەگەڵ مەلا عومەری سەرۆکی تاڵیبان دروستکرد کەدواتر کچێکی مەلا عومەریشی خواست. بەڵکو یارمەتی زۆری ماددی و لۆجستی مەلا عومەری دا بۆگرتنە دەستی دەسەڵات لەکابول.

پاشانیش بەردەوام بوو لەیارمەتی دانی تالیبان بۆ دژایەتی کردنی بەرەی هاوپەیمانی باکور بەمەشق پێکردن و ڕاهێنانی ئەندامانی تاڵیبان لەلایەن لایەنگرانی بن لادن و نەخشەکێشان و پێشکەش کردنی یارمەتی دارایی بەردەوام بۆ ژیاندنەوەو پێکهێنانی ژێرخانی ئابووری بۆ بزوتنەوەی تالیبان. بەڵکو هەندێ لەئەندامانی ئەلقاعیدە دامەزرێنرابون لە سەرکردایەتی تاڵیبان و ئوسامەش هێزێکی تایبەتی خۆی هەبوو شان بەشانی تاڵیبان دەجەنگان لەدژی بەرەی هاوپەیمانی باکور تاکار گەیشتە ئەوەی لە ٩٠٪ خاکی ئەفغانستان داگیربکەن. لەبەرامبەریشدا مەلا عومەر ئەمن و ئاسایشی تەواوی بۆ بن لادن دابین کردبوو ڕێگەشی پێدابوو سەربازگەی تایبەت بۆ خۆی بکاتەوەو کاری مەشق و ڕاهێنانی ئەندامانی ئەلقاعیدە ئەنجام بدات.

بەردەوام بوونی تالیبان لەداڵدەدانی بن لادن وای لەئەمەریکاکرد بیر لەوە بکاتەوە بەزەبری هێز ئوسامە لەم وڵاتە دەربکات یان دەسگیری بکا بۆیە کەوتە گفوتۆی نهێنی و ئاشکرا لەگەڵ ڕژێمی تالیبان لەسەر ئەو مەسەلەیە. چەندین وەفدی ڕەوانەکردو قسەیان لەگەڵداکردن. بەڵام کەللەڕەقی سەرانی تالیبان لەوەدا نەبوو گفتوگۆی

لەسەر بکرێ ئەگەرچی سەرانی تالیبان بیانوی جۆربەجۆریان دەهێنایەوە کە دواترینیان پێشکەش کردنی بەڵگە بوو لەسەر تێوەگلانی بن لادن لەسەر تەقینەوەی هەردوو باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە ئەفەریقا. ئەوەبوو ئەمەریکییەکان لەڕێگەی پاکستانەوە گەیشتنە کابول و بەڵگەی تەواویان گەیاندە تالیبان بەڵام تالیبان ملی نەداو ڕازی نەبوو نەئوسامە تەسلیم بکات نەدەریشی بکات لەئەفغانستان ئیدی کارگەیشتە ئەو ڕادەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئابلۆقەی ئابوری خستە سەر تالیبان و بەتەواوی کەنارگیری‌کرد.

مل نەدانی تالیبان بۆ داواکاری‌یەکانی ئەمەرکیا وای لەئەمەریکا کرد بەتالیبان و ئەلقاعیدە بڵێ(دوو ڕووی یەك پارەن). ئیدی بەڕوودانی تەقینەوەی ١١ سێپتێمبەر و لێکۆڵینەوە یەك لەدوای یەکەکان ئەمەریکییەکان لەوەی ئوسامە بن لادن دەستی ڕاستەوخۆی لەو تەقینەوەیە هەیە دواتر دەرکەوتنی ئوسامە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی ئەلجزیرە هێندەی‌تر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دەرخست کەئوسامە دەستی لەتەقینەوەکان هەیەو تاوانبارە بەم تەقینەوانە، لەکۆتاییدا ئەمەریکا دوای گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆر لەڕێی پاکستانەوە لەگەڵ تالیبان نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك و بڕیاری‌دا هێرشێکی بەربلاوی ئاسمانی بکاتە سەر تالیبان بەیارمەتی بەرەی هاوپەیمانی و لەسەر زەوی ئەفغانستان بیانسڕێتەوەو لایان ببات کەبەپێی لێکۆڵینەوەکان نزیکەی ٥٠ هەزار چەکداری تالیبان لەو شەڕانە تیاچوون و کوژران. ئەگەر چی تائێستا نە مەلاعومەری سەرۆکی تاڵیبان و نەئوسامە بن لادن دەستگیرکراون و نەدەزانرێ لەکوێن.

## یارمەتیەکانی ئەمەریکا بۆ بن لادن.

لەماوەی شەڕی ساردی نێوان ئەمەریکاو سۆڤیەت ئەمەریکیەکان یارمەتی زۆری چەکدارانی ئەفغانستان و ئوسامەیان دا بۆ دژایەتی کردنی شیوعیەکان، هەر بۆیە یارمەتی لۆجستی و سەربازی زۆری پێشکەش کردن بەڵام ئەو سەرکەوتنە گەورەی ئوسامەو ئەفغانییەکان لەئەفغانستان وای لێکردن بڵێن: توانیمان هەرەس بەسۆڤیەت بهێنین چۆن ناتوانین هەرەس بەئەمەریکا بێنین.

کاتێك ڕۆناڵد ڕیگن سەرۆکایەتی ئەمەریکای گرتە دەست لەدوای سەرۆك کارتەر کە بەلاوازو بێ‌توانا بەرامبەر سۆڤیەت لە ئەفغانستان و نیکاراگوا ناسرابوو. ڕیگانی سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو هەموو هەوڵێکی خستەگەر بۆ کەنارگیرکردنی سۆڤیەت لەم ناوچانەی دژایەتی ئەمەریکای لێدەکرا. بۆیە پێویست بوو کارتەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی سۆڤییەت پیاوێکی شیاو بۆ شوێنێکی شیاو بدۆزێتەوە. ئەوەش ویلیەم کیسی بوو کە وەك بەڕێوەبەری دەزگای جاسوسی ئەمریکی(CIA)دانینا کە ئەو کابرایە بە رق ئەستوری دژ بەرەی سۆڤیەت ناسرابوو. بۆیە لەگەڵ هاتنە سەرکاری وەك بەڕێوەبەری (CIA) هەوڵەکانی خستەگەر و دوای ماوەیەکی کەم چەندین گەشتی بۆ پاکستان کرد بۆ نزیك بوونەوە لەئەفغانستان و

دیتنی بەرپرسانی پاکستانی لەوانە سەرۆکی پاکستانی ئەوسا(زیائولحەق)و سەرۆکی موخابەراتی ئەوسای پاکستانی ئەختەر عبدالرحمن خان.

ویلیەم کیسی هەروا نەوەستا بەڵکو چەندین گەشتی نهێنی بۆ ناوچەکە دەست پێکردو هەڵسا بە کڕینی چەکێکی زۆری دروستکراوی سۆڤیەت لەناوچەکە بەتایبەتی چەکە کەڵەکە بووەکانی سۆڤیەت لەمیسر بۆ چەکدارانی ئەفغان. هەروەها هەوڵیدا یارمەتی سەربازی لەووڵاتانی دۆستی ئەمەریکا وەربگرێت بۆ چەکدارەکانی ئەفغانستان ئەوەی ڕازی نەبوایە بەپێشکەش کردنی یارمەتی سەربازی ئەوا داوای یارمەتی ماددی لێدەکردن وەك ژاپۆن کەیارمەتی دارایی پێشکەش کرد. لەکاتێکدا ئەو کاتە باری قورسی پەنابەرانی ئەفغانستان لەسەر پاکستان کەوتبوو. کە ڕۆژانە بەیەك ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرا.

کیسی لەهەوڵدانیدا دژی سۆڤیەت سەرکەوتنی زۆر گرنگی بەدەست هێنا بەتایبەت لەناو کۆنگریسی ووڵاتەکەی تائەو ئاستەی شارڵ ویلسۆن ووتی: لەتۆڵەی ئەوەی پییان کردین لەڤێتنام تۆڵە لە شیوعیەکان دەکەینەوە لەئەفغانستان.

بۆیە کیسی سەرکەوتنی خۆیو هەرەس هێنانی شیوعیەکانی لەپێشکەش کردنی یارمەتی سەربازی بەچەکدارانی ئەفغانی دەبینینەوە، هەر ئەوەش بوو وای لێکرد خۆیو هاوکارانی سەرپەرشتی ڕەوانکردنی چەك بکەین بۆ ئەفغانستان لەڕێی موخابەراتی پاکستانیو هەروەها بینینی چەکدارەکانی ئەفغانو پەیداکردنی دۆستایەتی لەگەڵ ئوسامە بن لادن.

چڕکردنەوەو خەست کردنی بۆردومانەکان لەلایەن سۆڤیەت بۆ سەر چەکدارەکانی ئەفغانستان وای لەکیسیکرد کەوا زیاتر بڕیار بدات بەڕەوانەکردنی موشەکی ستینگەری ئەمریکی کە بەشێوەیەکی تایبەتی گەیشتە دەست ئوسامە بن لادن ئەم موشەکە موشەکێکە دژە فڕۆکەی زۆر پێشکەوتوە.

یارمەتیەکانیش بەشێوەیەکی گشتی دەگەیشتە دەست گوڵبەدین حکمتیاری دووەم تەیاری ئەفغانستان هەروەها بەشەکەی تریشی دەگەیشتە دەست ئەحمەد شا مەسعود کە بورهانەدین ڕەبانی سەرۆکایەتی حزبەکەی ئەوی دەکرد.

بی سی سی ئای( B.C.C.I)یش گەورەترینو سەرەکی ترین بانك بوو کەپارەی ئەمریکی لێیەوە دەگەیەنرا چەکدارانی ئەفغانستان دژی سۆڤیەت بەتایبەتی بە ئوسامە بن لادن، دواتر دابەش دەکرا بەسەر لایەنە جیاجیاکانی ئەفغانستان، کەکۆی گشتی ئەو پارەیەی گەیشتۆتە دەست ئوسامە بن لادن لەو ماوەیەدا بەزیاتر لە(١٧) ملیار دۆلاری ئەمریکی دەخەمڵێنرێ.

هەموو جارێکیش بڕی خەمڵێنراوی یارمەتی ئەمەریکا بۆ ئەفغانیەکان لەلایەن شارل ویلسۆنی ئەندامی کۆنگریسەوە دیاری دەکرا

## هاوكاری نێوان سەدام و بن لادن

بێگومان پەیوەندی نێوان دوو پیاوی لەم جۆرە پەیوەندی‌یەكی بەرژەوەندی خوازانەی ڕووت بووە چونكە هەردوولا لەڕووی ئادۆلۆژییەوە دنیایەك لێك دوورن بەڵام وەكو كورد وتەنی (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) هەردوولا لەچەند خاڵێكی هاوبەش یەكتری دەگرنەوە كەئەویش هەردوولا دژی ئەمەریكانو یەك دوژمنیان هەیە هەروەها هەردوولا دژی بوونی ئەمەریكا بوون لەكەنداوی عەرەبی. چونكە ئوسامە پێی وایە بوونی ئەم هێزانە لەكەنداو مانای داگیركردنی خاكی ئیسلامەو پێویستە دەربكرێن و سەدامیش پێی‌وایە بوونی هێزە ئەمریكی‌یەكان مەترسیەكی گەورەیە لەسەر ڕژێمەكەی و بەردەوام بوونی، بۆیە هەردوولا بەهەموو جۆرو شێوەیەك هەوڵی دژایەتی و لێدانی هێزەكانی ئەمەریكا دەدەن لەناوچەك.

لێرەدا گەر باس لەپەیوەندی نێوان ڕژێمی عێراق و ئوسامە بكەین لەوانەیە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرومادیمان لەبەر دەست نەبێت، بەڵام دەتوانین بەپشت بەستن بەڕاپۆرت و هەواڵەكانی دەزگا جاسوسیەكانی جیهانی بەتایبەت ئەمەریكاوبەریتانیا شتێ هەڵكرێنین كە تائێستاش دەستیان لەزۆربەی كەلێن و كەلەبەرەكانی جیهان هەیەو توانایەكی لەڕادە بەدەری جاسوسیان هەیەو هەواڵ كۆدەكەنەوە.

## پەیوەندی ڕژێمی عێراق بەبزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی بلوژستان

بەپێی بەڵگەنامەیەكی نهێنی تازە ئاشكراكراو لەنامەیەكی سەفارەتی پاكستان لەواشنتۆن ژمارە (ئێس ئێس ١٧/٢/٧٣) لەڕێكەوتی ١٢ شوباتی ١٩٧٣ هاتووە حكومەتی پاكستان لەبەیاننامەیەكدا لە ١٠/شوباتی/١٩٧٣ڕایگەیاند توانیویانە ڕێژەیەكی گەورە لەچەك و تفاقی سەربازی لەسەفارەتی ڕژێمی عێراق لەپاكستان دەستگیربكەن هەروەها هەندێكی دیكە لەماڵی یەكێك لەدیبلۆماتە عێراقیەكان. بۆیە پاكستان ڕاستەوخۆ عێراقی ئاگاداركردەوە و پێی ڕاگەیاندن كەئەو دیبلۆماتە عێراقیە بەكەڵكی كاری دیبلۆماتی نایەت. دواتر عێراق باڵوێزی پاكستانی لەبەغدا بانگی وەزارەتی دەرەوەی كردو سەرزەنشتی عێراقی پێراگەیاند.

لەو پشكنینەدا دەزگای ئەمنی پاكستان توانیان ٣٠٠ پارچە چەكی ڕەشاش و ٤٠ نارنجۆك و ٩٢١ مەخزەن و ٣٦هەزار دانە فیشەك دەسگیر بكەن لەگەڵ ئامێرێكی پەیوەندی پێشكەوتوو كە سەفارەتی عێراق بەنیاز بوو بیگەیەنێتە كۆمەڵە چەكدارەكانی بلوژستان.

## بن لادن لەئازاری ١٩٩٨ سەردانی بەغدا دەكات

ڕۆژنامە سەندای تایمز لەژمارەی ٣٠/ئەیلولی ٢٠٠١ دەنوسێ و دەڵێت: بەڵگەیەكی زۆر گرنگ لەئوتێلی ڕەشید دەردەكەوێ لەسەر بوونی پەیوەندی لەنێوانی سەدام و ئوسامە بن لادن. لەكاتی

تەقینەوەکانی دار السلام و نایرۆبی بەر لەچوار ساڵ ساندای تایمز پشت بەقسەی جیۆڤانی دی ستیڤانۆی مافناسی سربی و شەریکی سەرکردەی سربی ئارگۆن دەبەستێت، کاتێك جیۆڤانی دەڵێت: من لەئازاری ساڵی ١٩٩٨یا بەر لە (٥)مانگ لەکردەوە خۆکوژییەکەی نایرۆبی و دار السلام لەگەڵ تاریق عزیزی وەزیری دەرەوەی عێراقی چوومە ئوتێلی ڕەشید لەگەڵ بازرگانەکان کۆدەبۆوە( ئەم ئوتێلە دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عێراق بەشێوەیەکی تایبەت سەرپەرشتی دەکەن) دەڵێت: کاتێك دانیشتین، دوای کەمێك ریچارد باتلەری سەرۆکی تیمە پشکنەرەکانی چەکی کۆکوژی عێراقی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان هاتە ژورەوە. لەو لاشەوە پیاوێك دانیشتبوو ووتی: ئەو پیاوە (واتە باتلەر) ئەو پیاوەیە مردن بۆ ئەم وڵاتە دێنێت. لەو کاتە ئەو پیاوە لێمان نزیك بووەوەو کەوتینە گفتوگۆیەکی هێمن. جینۆڤانی دەڵێت: باش ئەو پیاوەم لەبیرە کەخۆی پێناساندین ووتی ناوم ئوسامە بن لادنە دیارە ئەو کاتە هێشتا ئوسامە بن لادن هێندە ناسراو نەبوو تا یەکسەر بیناسم، بەڵام دوای گەڕانەوەم بۆ یوگسلافیا لەکۆتایی مانگی ئازاری ١٩٩٨ ئینجا زانیم ئەوە چ پیاویك بوو بۆیە لەو کاتە ئارگۆنی شەریکم ووتی: پیویست بوو بمانکوشتایە.

## لە١٩٩٨وەفدیکی بن لادن ئامادەی ئاهەنگی جەژنی لەدایك بوونی سەدام دەبیت.

بەپیی سەرچاوەیەکی ئیستخباراتی وەفدیکی ئوسامە بن لادن لە ٢٥ی نیسانی ١٩٩٨ سەردانی عیراق دەکەن بەمەبەستی بەشداری کردن لەچەژنی ئاهەنگی لەدایك بوونی سەدام، لەوکاتەدا عودەی کوری سەدام مەشقی بەژمارەیەك لەچەکدارەکانی ئەلقاعیدەو یەکەیەکی ئیستخباراتی عیراقی دەکرد، ئەویش کەرتی ٩٩٩بووە. دواتر لەمانگی حوزەیرانی ١٩٩٨ ئەیمەن زەواهیری سەردانی عیراق دەکات. بەپیی هەوالیکی رۆژنامەی رافیدەینی ئەنجومەنی بالای شۆرشی ئیسلامی لەعیراق ژمارەی ١٩٩٨/٩/١ ئەیمەن زەواهیری لەماوەی ١٩٩٨/٦/٢٨تا ١٩٩٨/٧/٢ سەردانی عیراقی کردووەو چاوی کەوتووە بەتەها جەزراوی لەچوون و گەرانەوەی لەو ماوەیەدا سەردانی سەربازگەی ناسریەی کردووە کەتایبەتە بەمەشق پیکردنی ئەو هاولاتیە عەرەبانەی لەوولاتانی عەرەبییەوە هاتوون و هاوکاری عیراق دەکەن لەکاتیکدا ئەم سەربازگەیە لەژیر چاودیریەکی زۆر توندی ئەمنیدایەو تەنانەت لەدووری چەند کیلۆمەتریك بەدەوری ئەو سەربازگەیە تەواو چۆلکراوەو کەس بۆینیە لیی نزیك بیتەوە، ماوەتەوە بلیین ئەلزەواهیری ویستوبووی زۆر بمینیتەوە، بەلام دواتر بەزوویی عیراقی بەجیهیشت.

## بالویزی عیراق چاوی بەبن لادن دەکەوێ

بەپیی راپۆرتیکی رۆژنامەی گاردیان بالویزی عیراق لەئەنقەرە چاوی بەبن لادن دەکەوێ لەکانونی یەکەمی ١٩٩٨ هەروەها دەلیت:

رژێمی عیراق گفتوگۆی زۆری لەگەڵ ئوسامەدا کردووە. لەسەر پێشنیاری پیدانی مافی پەنابەریتی بەئوسامە لەبەرامبەر هێرش کردنە سەر ئامانجەکانی ئەمەریکا. هەروەها باس لەوە دەکات کە ئەفسەرانی موخابەراتی عیراقی چاویان بەئوسامە بن لادن کەوتووە لەکۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨ لەشاخەکانی ئەفغانستان لەنزیك قەندەهاری باشوری رۆژئاوای ئەفغانستان کە لەنێوانیاندا بالویزی عیراق لەئەنقەرە فاروق حیجازی بووە.

جگە لەمەش بەپێی زانیاری‌یەکان رادیۆی رۆژهەڵات لەپاریس لەسەر زاری پەیامنێری ئەم رادیۆیە٢/شوباتی ١٩٩٩دەڵیت: بن لادن لەوانەیە بچێت بۆ عیراق چونکە تەنها وولاتیکە کە ئامادەیی خۆی دەربریوە بۆ پیشوازی‌کردن لەبن لادن لەپەیوەندی کردنیکی راستەوخۆ لەنیوان رژیمی عیراق‌و بن لادندا روویدابوو، کە پەیمانی پێدەدەن بەتەسلیم کردنی هەموو ئەو سەربازگانەی بۆ عەرەبە ئەفغانی‌یەکانی لەناسریەو دیالە دروستکرابوو، بەڵام بن لادن زۆر لەوە ترسا حکومەتی عیراق تەسلیمی ئەمەریکای بکات لەبەر ئەوەی گومانی لەچوونی بۆ عیراق هەبوو بەتایبەتیش دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی نیوان عیراق‌و ئەمەریکا گەیشتە بنبەستیکی تەواو دوای شەری کەنداو، لەو بارەوە سایمۆن ریف دەڵیت: فاروق حیجازی کاتیك بەریوەبەری دەزگای موخابەراتی عیراق بوو لە ٢١/کانونی یەکەم/ ١٩٩٨ پیشنیاریکی خستە بەردەم بن لادن لەبەرامبەر مافی پەنابەریتی کە کۆمەلیك ئامانجی ئەمریکی بوو دەبوایە بن لادن هێرشیان بکاتە سەر، هەروەها هیرش کردنە سەر رادیۆی عیراقی ئازاد لەپراگ کە لەدژی رژیمی عیراق بەرنامەکانی بڵاو دەکاتەوە، لەکاتی چاوپیکەوتنەکەش دا فاروق حیجازی کۆمەلیك پاسپۆرتی دیبلۆماسی خالی((بەتاڵ))ی پیشکەش بە بن لادن کردووە وەك نیاز پاکی رژیمی عیراق بەرامبەر بن لادن.

لەو کاتەشدا ئەم پاسپۆرتانە بۆ بن لادن زۆر لەزیرگرانبەهاتر بوون، چونکە دەیتوانی شتی زۆری پیبکات.

هەر لەبارەوە موخابەراتی ئەمریکی رای دەگەیەنن کە فاروق حیجازی یەکیك بوو لە گەورە بەرپرسانی موخابەراتی عیراق‌و خۆی چووە بۆ قەندەهار بۆبینینی بن لادن.

## بیرۆکەی گواستنەوەی بن لادن بۆ عیراق

پاش تەقینەوەی هەردوو بالویزی ئەمەریکا لەکینیاو تانزانیا حکومەتی تالیبانی ئەفغانستان رووبەرووی گوشاریکی بەرفراوانی نیودەولەتی بەتایبەت ئەمەریکا بۆوە، تالیبان ئەو کاتە بیری لەگواستنەوەی بن لادن کردەوە. هەندیك لەلیکۆلەرەوانیش پییان وایە میسر و سعودیە رووبەرووی گوشاری زۆری ئەمەریکا ببونەوە، بۆیە دەیان ویست بن لادن بچیتە عیراق یان چیچان بۆ ئەوەی کەمیك لەو گوشارە کەم کەنەوە کە لەلایەن ئەمەریکاوە کرابوە سەریان. لەوکاتەشدا ئوسامە بیری لەشوینیك دەکردەوە کە بەدلنیاییەوە چالاکیەکانی تیا راپەرینێ. بۆیە عیراق بۆ ئەو شوینیکی لەبار بوو، چونکە رژیمی عیراق دژایەتی تەواوی ئەمەریکای دەکرد، بەڵام

چونکە ئوسامە بەپارەیەکی زۆر دەست نەدەکەوت و کارتیکی گرانبەها بوو نەیویرا بچیتە عیراق. بەپیی سەرچاوەیەکی تایبەت لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هۆشداری‌یەکی زۆر هەستیاری رۆژی ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ دەکرد، کەتیایدا هاتووە زانیاری زۆر گرنگ هەن لەبارەی ئەگەری چالاکی ئەو کۆمەڵانەی ئوسامە هاوکاری دەکردن بۆ کوشتنی ژمارەی زۆری ئەمریکییەکان تاوەکو دەنگۆو ناو بۆ خۆیان پەیدا بکەن. دەتوانین بلیین ئەو دژایەتی کردنەی نیوان رژیمی عیراق و ئەمەریکا وایکرد دەرگای گفتوگۆ و پەیوەندی نیوان ئوسامەو رژیم بیتە ئاراوە. بۆیە بەپیی سەرچاوە موخابەراتی‌یەکانی رۆژئاوا سەدام خۆی چەندین جار پیشنیاری خستۆتە بەردەم بن لادن بۆ هاتنی بۆ عیراق خۆی و چەکدارەکانی، هەروەها پیشکەش کردنی هەموو ئاسانکاریەك بۆیان، بەتایبەتیش لەسالی ١٩٩٨دوای هیرشی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان بەڵام ئەمریکییەکان ئەوەش دووپات دەکەنەوە کە بن لادن هەردەم ئەو داوایەی رەتکردۆتەوە لەترسی ئەوەی نەوەکا ببیتە کارتی رزگاربوونی عیراق لەو کەنار گیرییە نیودەولەتییەی تیی کەوتووە.

## هاوپەیمانی سەدام و بن لادن

رۆژنامەی (کۆرتیر دیلاسیرا)ی ئیتالی لەکۆتایی ساڵ ١٩٩٨ رایگەیاند کە سەدام حوسین و ئوسامە پەیمانیکیان مۆرکردووە لەبارەی دژایەتی کردنی ئەمەریکا. لەوبارەوە نایلز لیتم دەنووسێ لەبەر ئەوەی سەدام کەنارگیرو چاوشکین کراوە لەلایەن ئەمەریکاوە لەشەری کویت دەیەوێ لەریگەی جیاوازەکانەوە تۆڵە لەئەمەریکابکاتەوە ئەگەر لەریگەی تیرۆریشەوە بیت. لەو بارەوە دەلیت: ئەمریکییەکان چەند راپۆرتیکی باوەرپیکراویان گەیشتۆتە دەست کەسەدام دەیەوێ هاوپەیمانی لەگەڵ بن لادن و ئەبو نچال ببەستی وەك شیوازیکی نوێ لەدژایەتی ئەمەریکاو نانەوەی نائارامی بۆ کویت و سعودیە. بەپیی زانیاریەکان سەدام ئەم شیوازەی کردۆتە ستراتیژیەتی نوێی خۆی بۆ رووبەرووبونەوەی ئەمەریکا پاش ئەوەی تیمە پشکنەرەکان و سزا ئابوورییەکان چارەسەری سەدامیان پینەکرا، بۆیە سەدام دەیەوێ هەرچۆنیك بیت هاوپەیمانی نوێ لەناوچەکەدا لەگەڵ کۆمەلێ لایەنی وەك ئەبو نیزال ببەستێ تا قەرەبووی پارسەنگی هیزی پیبکاتەوە.

ئیستا دەزگای موخابەراتی ئەمەریکا ترسیکی گەورەیان لێنیشتووە لەبارەی هاوپەیمانی سەدام و بن لادن نەك لەبەر ئەوەی بن لادن هەندیك یارمەتی ماددیو لۆجستی لەسەدامەوە پیدەگات بەلکو لەبەر ترسی ئەگەر دەسکەوتنی ماددە کیمیاویەکانە بەبن لادن و ئەلقاعیدە.

دەزگای مخابەراتی ئەمریکا پیی وایە عیراق ریژەیەکی زۆری لەماددەی سەرەتایی‌یەکانی چەکی کیمیاوی رەوانەی سۆدان کردووە لەریگەی لیبیاوە بەر لەشەری دووەمی کەنداو. هەروەك بن لادن بەوە تاوانبارکرا کەچەکی کیمیاوی لەکارگەیەکی دەرمانی پزیشکی لەسۆدان دروست دەکات. هەر بۆیەش لەلایەن ئەمەریکاوە موشەك

باران كرا لەئابی ١٩٩٨. لیرەدا ئەگەر چی سەدام و بن لادن یەكتر ناگرنەوە لەرووی فیكرییەوە، چونكە بن لادنی سوننی توندرەوەو سەدامیش علمانی رەگەزپەرست بەڵام روخاندنی مەلیكیەتی سعودیەو دەركردنی سوپای ئەمەریكا لەكەنداو دەیانگەیەنیتەوە یەك.

كینت كاتزمانی لیكۆلەرەوەی پیشوی موخابەراتی ئەمەریكا دەلیت: ستراتیژیەتی دەسەڵاتداری عیراق(صدام) (تیرۆیستیە) ئەگەر چی سەدام یاریزانیكی بەتوانا نیە لەسەر شانۆ بەڵام وادیارە هەوڵ دەدات ببیتە قوربانی دژایەتی كردنی ئەمەریكا.

لەو بارەوە بەپیی هەوالیكی ئەسۆشیتد پریس رۆژی ٢٧/ایلول/٢٠٠١، چاوپیكەوتنی فاروق حیجازی لەگەڵ بن لادن لەچیاكانی قەندەهار لەسەربازگەكانی ئوسامە بۆتە مایەی لیكۆلینەوە، چونكە ئەم چاوپیكەوتنە بۆتە بەلگەی دووەم لەسەر رووداوی ئەیلولی ٢٠٠١ چونكە یەكیك لە رفینەرەكانی فرۆكەكەو محمەد عەتای گەورە رفینەر ئامادەی كۆبوونەوەكان ببوون. ئەوەی لەهەمووشی مەترسیدارترە ئەو دەنگۆیە بوو بۆ هاوپەیمانی نیوان سەدامو بن لادن بۆ پەرەپیدانی چەكی كیمیاوی عیراقو پیشكەش كردنی زانیاری بەسەدام حوسین. كە ئەمەریكیەكانی تۆقاندبوو.

## بۆ بینینی بن لادن ئەفسەریكی موخابەراتی عیراقی سەردانی ئەفغانستان دەكات .

بەپیی هەوالیكی رۆژنامەی ئەلشەرق الاوسەت رۆژی٢٠٠١/٩/٢١ ئەفسەریكی موخابەراتی عیراقی سەردانی ئەفغانستانی كردووەو چاوی بەئەیمەن ئەلزەواهیری كەوتووە بەر لەدووساڵ، هەر بەپیی ئەو سەرچاوەیە دەسەڵاتدارانی پاكستان ئەفسەریكی عیراقیان بەناوی صلاح سلیمان دەستگیركردووە لەتشرینی دووەمی ٢٠٠١لەسەر سنوری ئەفغانستان كە پیدەچیت پەیوەندی لەگەڵ ئەلزەهاویدا هەبووبیت.

رۆژنامەی جیسیكاش دەنووسیت موخابەراتی ئەمەریكا بەلگەی تەواویان لەبەر دەستدایە سەبارەت بەچاوپیكەوتنی محمەد عەتای خۆی تەقاندەوە لە ١ی سیپتیمبەر، لەگەڵ گەورە ئەفسەریكی عیراقی لەپراگ هەروەها لەماوەی چوار مانگی بەر لەتەقینەوەی ١١ی ئەیلول سێ ئەفسەری عیراقی سەردانی پاكستانیان كردووە كەخاوەنی پلەی بەرزن لەمخابەراتدا، كە لەنیوانیاندا (حەسەن عەزبە سەلج) ی گەورە ئەفسەرو محەمەد جەعفەر هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بری ٤٢٠ هەزار پاوەندی ئەستەرلینییان پیبووە. كە پارەكانیان لەبانكەكانی لوبنان تەحویل كردبوو لەماوەی ٨ مانگ بەر لە ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١.

سایمۆن ریف دەلیت: چاوپیكەوتنەكانی فاروق حیجازی بالویزی عیراق لەئەنقەرە لەگەڵ بن لادن و چاوپیكەوتنی تری بەدوادا هات

لەگەڵ ئەفسەرانی عیراقی وئەفسەرانی بن لادن. لەخەرتومی پایتەختی سودان لەناوەراستی کانونی دووەمی ١٩٩٩.

پێویستە بوترێ عیراق چەندین تەن ماددەی کیمیاوی رەوانەی سۆدان کردووە بەر لەهەڵگیرسانی شەری کەنداوی دووەم بۆیە ئەمریکیەکان زۆر لەوە دەترسان ئەو ماددە خاوانەی عیراق لەسۆدان ببیتە هۆکاریك و هاندەریك بۆ بن لادن تا چەکی کیمیاوی دروست بکات.

## سەدام دەستی لەتەقینەوەی ٢٦/شوباتی/ ١٩٩٣ی سەنتەری بازرگانی جیهانی هەبوو

بەپێی لیکۆڵینەوەی پرۆفیسۆر میلیری بەناوی (شەری سەدام دژی ئەمریکا کۆتایی نەهاتووە) هاتووە موخابەراتی عیراقی هاوکاری رەمزی یوسفی بەرپرسی تەقینەوەی ٨ی شوباتی ١٩٩٣یان کردووە بەپیشکەشکردنی پاسپۆرتی پاکستانی و هەندێ بەلگەنامە کە بیسەلمینێ هاوڵاتی پاکستانیە.

پێویستە بوتری رەمزی یوسف بەپێی بەلگەنامە ساختەکانی گەیشتبووە دەستی ناوی لەخۆی نابوو عەبدولباسیت کەریم کەئەو کاتە لەکویت دادەنیشت بەڵام ماوەیەکی کەم بەر لەشەری کەنداوی دووەم کویت جێدەهیلی بەناوی عەبدولباسیت کەریم کاتیکیش دوای تەقینەوەی ٢٦/شوباتی/ ١٩٩٣ ئەمەریکا جیدەهیلێ بەپاسەپۆرتیکی پاکستانی بەناوی عەبدولباسیت کەریم. ئەمەش ئەوە دەسەلمینیت کەرەمزی یوسف سەر بەموخابەراتی عیراقی بووە. هەروەها بەپێی هەواڵیکی رۆژنامەی ئەلشەرق لئەوسەت کە لەسەرچاوە جاسوسیەکانی ئوستراليا وەری گرتبوو دەلیت: پەیوەندییەکی ئاشکرا هەیە لەنیوان تۆری بن لادن و هەندێ تیرۆریست لەئوستراليا، هەروەك دەستنیشانکردنی چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دەکات کەلەنیوان رەمزی یوسفی بەرپرسی تەقنەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی ١٩٩٣ە هەندیك لەوانە لەویلایەتی ساوپ ویلز گیرابوون . بۆ دەتوانین بلیین تەقینەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی دەستی موخابەراتی عیراقی تیدا بووەو هەر ئەویش بووە رەمزی یوسفی هانداوە بۆ هەلسان بەو کارە. وەك ئۆفیسی لیکۆلینەوەی فیدرالیش هەمان بروایان هەبووە لەو بارەوە جیمس فوکسی بەریوەبەری پیشووی ئۆفیسی فیدرالی لەنیۆیۆرك دەلیت: ئیمە لەهەر رووداویك گومانمان لەچەند لایەنیك کردووە لەوانە: ئیران – عیراق– لیبیا– سوریا – سۆدان. بەڵام ئەم جارە هیچ بەلگەیەکمان بەدەست نەبووە لەسەر هیچ کام لەم وڵاتانە تەنها عیراق نەبیت کەجیگای گومان و تیرمان بووە بەهۆی ئەو بەلگانەی لەبەر دەستمان بووە.

شایانی باسە رەمزی یوسف هاوڵاتیەکی کویتەو لەخیزانیکی دەولەمەندی ئەم وڵاتەیەو لەساڵی ١٩٨٨ چۆتە ئەفغانستان دواتر چۆتە ئەمەریکا بۆ تەواوکردنی زانکۆ. لەماوەی لەزانکۆ بووە زۆر چالاکی بۆ بن لادن ئەنجام داوەو هەر لەم ماوەیەشدا ٩ ناوی خوازراوی بەکارهیناوە بۆ خۆی دواتر لەلایەن دەزگاکانی لیکۆلینەوەی فیدرالی دەسگیرکرا بەتۆمەتی جیاجیا.

# هەولی تیرۆرکردنی جۆرج بۆش ١٩٩٣

ئەمەریکەیەکان دوای لیکۆلینەوەیەکی ووردی چروپر بۆیان دەرکەوت موخابەراتی عیراقی راستەوخۆ دەستیان هەبوو لە هەولی تیرۆرکردنی جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمەریکا کاتیك هاتە کویت بۆ ئامادەبوون لەئاهەنگی رۆژی رزگارکردنی کویت سالی ١٩٩٣ هەر لەبەر ئەمەش حکومەتی کلنتۆن لەتۆلەی ئەم کارە تیرۆرستیە چەند هیرشیکی موشەکیان کردە سەر عیراق.

هەندیك لەلیکۆلەوەران پییان وایە ئەوانەی هەولی کوشتنی بۆشیان دا دەستیان هەبووە لەتەقینەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی و سەفارەتی میسری لەپاکستان و کوشتنی گەشتیارە ئەلمانیەکان لەمیسرو هەولی تیرۆرکردنی پاپای ڤاتیکان. هەروەها هەولی رفاندنی شەش فرۆکەی بۆینگ ٧٤٧ی ئەمریکی و تەقاندنەوەی لەسەر زەریای هیمن.

## سەدام تەقینەوەی خوبەر( حوزەیرانی ١٩٩٦ )

لە٢٥حوزەیرانی ١٩٩٥ هیرشیکی کتوپرکرایە سەر سەربازگەیەکی ئەمریکی لە(خوبر) لەناوچەی زەهران لەسعودیە بوە هۆی کوژرانی ١٩ سەربازی ئەمریکی و بریندار بوونی زیاتر لە ٤٠٠ سەربازیتر. ئەمەش دەنگۆیەکی زۆر گەورەی نایەوەو لەو کاتەدا ترسی لەدلی ئەمریکییەکان چاند. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئیستا ئەمەریکا رژیمی عیراق و ئوسامە بن لادن بە تەقینەوەیە تاوانبار دەکات. ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی سعودیە هاوڵاتیەکیان بەناوی (هانی سیاغ) دەستگیرکردو تەسلیمی ئەمریکییەکانیان کرد بەتۆمەتی بەرپرسیاریتی لەم تەقینەوەیە.

سەدامو تەقینەوەی ئۆکلاهۆماسیتی سالی ١٩٩٥

ئەگەر چی دەزگای موخابەراتی ئەمریکی تیمۆنی ماکفیان گرتو دەزگای قەزای ئەمریکاش تاوانەکەی بەسەردا ساغ کردەوەو حوکمی ئیعدامی بەسەردا جیبەجیکرد. بەڵام تا ئیستاش گومان هەیە لەسەر بوونی پەیوەندی لەنیوان تیرۆری ناو ئەمەریکاو هەندیك لەلایەنی دەرەوە، بەهۆی بوونی هەندیك ئاماجی هاوبەش لەنیوان تیرۆریستانی دەرەوەی ئەمەریکاو ناوەوەی ئەمەریکا. لەوبارەوە پاریزەرانی ماکفی کۆبونەوەیەکی نیوان نیکۆلاسی شەریکی ماکفی و رەمزی یوسفی تاوانباری تەقینەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانیان ئاشکراکرد. بەلکو ئەوەشیان ئاشکراکرد کە هەردوولا پەیوەندیەکی تۆکمەیان هەبووە. کە ئەو کاتە بن لادن خۆی لەفلیپین بووە. لەهەمان کاتدا ژنی نیکۆلاس فلیپینی بووە، بۆیە بەهۆی بوونی پەیوەندی نیوان موخابەراتی عیراقی و رەمزی یوسف ئەگەری ئەوەش هەیە کەدەستی موخابەراتی عیراقی لەم رووداوە هەبیت.

## تەقینەوەی ریاز( تشرینی دووەمی ١٩٩٥ )

وەك ئاشکرایە رژیمی عیراق زۆر نیگەرانە لەبوونی سوپای ئەمەریکا لەکەنداو چونکە هەردەم بەهەرەشەی دەزانێ لەسەر

مانەوەی خۆیو بەرژەوەندیو ئامانجەکانی لەبەرامبەردا ئوسامە بن لادنیش بوونی سوپای ئەمەریکا لەناوچەکە بەزولم دەزانێو بەداگیرکردنی خاکی موقەدەسی دەزانێ، بۆیە هاوکاری نیوانیان گومانی تیدانییە. لەدوای داگیرکردنی کویتیش لە ٢/ئابی/١٩٩٠ بەردەوام بووەو لەهەرەشە کردن لەکویتو سعودیە. هەرلەوکاتەبەدواوەش بەردەوام بەکریگیراوانی خۆی رەوانەی ئەم دوو وولاتە کردووەو بۆ نانەوەی ئاژاوە.

وەك ئاشکراشە ژمارەیەکی زۆر لەبەکرێگیراوانی عیراق لەکاتی دزەکردنیان بۆ خاکی کویتو سعودیە لەسەر سنوورەکانی کوژراون و دەسگیرکراون تەنانەت لەکاتی رووبەرووبوونەوەی نیوان بەکریگیراوانی عیراقو پۆلیسی ئەم دووووڵاتە چەندجار پۆلیسی ئەم وولاتە بونەتە قوربانی لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٩٥تەقینەوەیەکی گەورە لەریازی پایتەختی سعودیە روویداو بوەهۆی کوشتنی ٦کەسو بریندارکردنی ژمارەیەك. ئەگەر چی دوای رووداوەکە حکومەتی سعودیە ٤ کەسی تۆمەتبار کردو حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپاندن بەلام تائیستا ئەمەریکاییەکان گومان لەبن لادن و موخابەراتی عیراقی دەکەن لەبوونی دەستیان لەم تەقینەوە.

## تەقینەوەی کەشتی کۆڵ لەعەدەن.

بەهۆی ئەوەی سەدام خۆی پەیوەندییەکی بەتینی ئابووری سیاسی لەگەڵ عەلی عبدوڵاصالحی سەرۆکی یەمەن هەیەو هەبووە، موخابەراتی عیراقی هەردەم بوونیان بەشیوەیەکی بەرچاو هەبووە لەیەمەن بەتایبەتیش دوای هاتنی هیزەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بۆ ئەم وولاتە بەپیی زانیاریەکانیش موخابەراتی عیراقی سەرکەوتوانە توانیویانە بەربەرستە ئەمنیەکانی هیزەکانی بەریتانیا ببڕنو بگەنە ئەو شوینانەی دەیانەوێ لەناو سوپای بەریتانیا لەعەدەن بەلام موخابەراتی ئەمەریکا لەم ناوچەیە چونکە هەستیان لەبوونی موخابەراتی عیراقی کردبوو هەولەکانیان لەو ناوچەیە چرترکردبۆوەو بەوردی مامەلەیان لەگەڵ رەوشەکەدا دەکرد تاوەکو لەمەرامی موخابەراتی عیراقی بگەنو نەخشەو پلانەکانیان ئاشکرا بکەن، کاتیکیش تەقینەوەی کەشتی کۆڵ روویدا لیکۆلەرەوەکان تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم کردەوەیە کردەوەیەکی ریکخراوی زۆر وورد بووەو گومانی تیدانییە وولاتیکی لەپشتە هەرەوەك ووتیان پیدەچیت یەکەم چالاکی هاوبەشی لەو جۆرە بیت لەنیوان سەدامو بن لادن. لەو بارەوە فینسیت کانستراوی سەرۆکی چالاکییەکانی قەلاچۆکردنی تیرۆری سەر بەدەزگای موخابەراتی ئەمەریکا (CIA) ووتی: تەنها ریکخراوی ئەلقاعیدە دەتوانن بگەنە ئەو شوینە چونکە پیشتریش خەلکیان ئاگاردارکردبۆوە.

وەك مەزەندە دەکرێ ئەو تەقەمەنییەی لەم چالاکیە بەکار هاتووە بریتی بووەلە (٢٧٢)کیلۆ تەقەمەنی چرکراوەی بەهیز کەلەناو یەکیك

لەحەوزەکانی ئەم کەشتیە دانراوەو توانی بەشە قەلغانی کەشتیەکە تیك بشکینێ.

## رفاندنی فرۆکەی سعودی جۆری بۆینگ ( ٧٧٧ )

لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠فرۆکەی سعودی ژمارە ١١٥ جۆری بۆینگ ٧٧٧ لەلایەن دوو ئەفسەری سعودی بەناوی(فیصل البلوس و عایش الفریدی) رفینرا بۆ بەغداد لەکاتیکدا فرۆکەکە لەگەشتیکی نیوان ریازو لەندەندابوو ئەم رووداوەش پاش رووداوەکی کەشتی کۆڵ بوو لەعەدەنی یەمەن.

رفاندنی ئەم فرۆکەیە لەلایەن ئەو دوو ئەفسەرەوە ئەوەی دەرخست کەموخابەراتی عیراقی بەشیوەیەکی بەربلاو لەناو موخابەراتی سعودیە هەن، بۆیە لەکاتی دابەزینی فرۆکەوانەکە لەفرۆکەخانەی بەغدادا بەریوەبەری گشتی موخابەراتی عیراقی خۆی پیشوازی لەو دووکەسە کردو لەبەرامبەر رۆژنامەنووسانیش وەك وەکیلی وەزارەتی ناوخۆ خۆی ناساند.

## پەیوەندی سەدام بەتەقینەوەی ١١ی ئەیلول

وەك دیارە لە ١١ی ئەیلولی سالی ٢٠٠١چوار فرۆکەی یەك لەدوای یەك لەئەمریکا لەماوەی چەند سەعاتیکدا تەقینەوە، لەکرداریکی خۆکوژی لەلایەن چەند دەستە گروپیکی سەر بەئوسامە بن لادن.

لەوانە دوانیان خۆیان کیشا بەهەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی و یەکیکیان خۆی کیشا بەبارەگای وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا پنتاگۆن، بەڵام چوارەمینیان کەبریار وابوو خۆی بکیشێ بەکۆشکی سپی لەریگا خرایە خوارەوە لەم رووداوەشدا زیاتر لە ٦ هەزار کەس گیانی لەدەست دا بەهۆی تەقینەوەکان.

## رۆژنامەکانی عیراق پ یشبینی رووداوی ١١ی ئەیلول دەکەن.

بەر لەرووداني ئەم کارەساتە رۆژنامەکانی عیراق پیشبینی ئەگەری رووداني ئەم کارەساتەیان کردبوو بۆیە لەو بارەوە چەندجار بابەتی پیشبینی روداوی لەم جۆرەیان دەکرد. بۆ نموونە رۆژنامەی (الناصریه) کە لەعیراق دەردەچێ لە ژمارە ٦٢ی رۆژی ٢٠٠١/٧/٢١ کاتیك باس لەئوسامە بن لادن دەکات لەوەڵامی پەیامنیری کەنالی ئەلجزیرە دەلیت: ئەو رۆژە دادیت ئەمریکییەکان و جوولەکە بلیێن: چۆن کۆشکی سپی تەقیەوە شایانی باسە فرۆکەی چوارەم کە لەریگا تەقینرایەوە بەتەما بوو خۆی بکیشێ بەکۆشکی سپیدا.

**بەر لەرووداني ١١ی ئەیلول سەدام هیزەکانی دەخاتە باری نائاساییەوە**

رژیمی عیراق دوو هەفتە بەر لەرووداني ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ هیزەکانی خۆی دەخاتە ئەوپەری ئامادەباشییەوە، ئەمەش بەلگەیەکی زیندووە لەسەر بەئاگابوونی رژیمی عیراق لەرووداوی ١١ی ئەیلول یارمەتییەکنی بۆ ریکخراوی ئەلقاعیدە روولەزیادبوون بووە. جگە لەمەش بەپیی راپۆرتی دەزگای موخابەراتییەکانی

رۆژئاوا سەدام حوسەینی دیکتاتۆری عیراق لەوکاتەوە بەتەواوی خۆی حەشاردراوە تەنانەت لەژووری قایم خۆیشی لەکۆشکی کۆماری نەماوەو هەردوو ژنەکانی ساجیدەو سەمیرەی دوورخستۆتەوە لەبەغداد بۆ شاری تکریتی باکووری شاری بەغدا. لەوبارەوە دەزگای موخابەراتی مەرکەزی ئەمریکا دەلیت: بەلگەمان بەدەستەوەیە کەهاوکارانی بن لادن پەیوەندییان کردووە بەرژیمی عیراق. ئەوەش بەلگەیە بۆ بوونی دەستی عیراق لەم تەقینەوەیە. هەروەك(خچر حمزە) کە زانایەکی چەکی ناوەکی عیراق بووەو سەرۆکایەتی بەرنامەی ناوەکی عیراقی کردووە دەلیت: بیگومان رژیمی عیراق رۆلیکی گرنگی هەبووە لەرووداوی ١١ی ئەیلول ئەویش بەراهینانی خۆ تەقینەوەران لەسەر ئەنجامدانی کاری تەقینەوەو تەقاندنەوەو رفاندنی فرۆکە.

## راهینانی ئەندامانی ئەلقاعیدە لەسەر رفاندنی فرۆکە لەسەلمان پاك

بەپیی زانیارییەکانی رژیمی عیراق سەربازگەیەکی تایبەتی پیك هیناوە لەباشوری بەغدای پایتەخت لەناوچەی سەلمان پاك بۆ گەلیك مەبەستی تایبەت یەکیکیش لەکارو چالاکیەکانی ئەم سەربازگەیە بریتیبووە لەراهینانی ژمارەیەك لەئەفسەرانی موخابەراتی عیراقیو ئەندامانی ریکخراوی ئەلقاعیدە لەسەر رفاندنی فرۆکەی بۆینگ بەچەقۆ یان تەنها بەدەستو بێچەك، ئەم زانیاریانەش لەچەند ئەفسەریکی لەچەند ئەفسەریکی هەلاتووی عیراقی وەرگیراوە لەدەرەوەی عیراق لەلایەن موخابەراتی ئەمریکییەوە هەروەك وەزیری ناوخۆی چیکی ئەم راستییە دووپات دەکاتەوەو دەلیت: محەمەد عەتا (ئەوکەسەی لەرووداوی ١١ی ئەیلول خۆی تەقاندەوە) سەر بەقاعیدە، چاوی کەوتووە بە گەورە دبلۆماتی عیراقی (احمەد خلیل ابراهیم سمیر) لەچیك وەك ئاشکراش بووە محەمەد عەتا خولی راهینانی لەعیراق بینیوە.

ئەو کەسانەی سەرپەرشتی سەربازگەی سەلمان پاك دەکەن خاوەنی کەسیتی خراپو ناوبانگی زراویان هەیە لەوانەش کەرۆلی سەرەکی خەهەیە لەراهینانی ئەو کەسانەی ناوی عبدالحسینە کە شەبەح ناسراوە، لەزۆر چالاکی تیرۆریستانە بەشداریکردووە، هەروەها لیوا دلیمی ك تۆمەتبارە لەتیرۆرکردنی شیخ تالیب لەبەیروت سالی ١٩٩٤.

هەر بۆیە ئەفسەرانی موخابەراتی ئەمەریکا(CIA) پییان وایە ژمارەیەك لەو ١١کەسەی خۆیان تەقاندۆتەوە لەناو فرۆکەکانی تەقینەوە لەواشنتۆنو نیۆیۆرك سعودییە بوونو لەسەر بازگەکانی ئەلقاعیدە راهینراون بەلام ئەوانیتر نازانرێ لەکوێ راهینراون بۆیە ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەتەنها ئەلقاعیدە ئەوانەی رانەهیناوە بەلکو لەشوینی تریش کاری راهینانیان بۆ ئەنجام دراوە کە ئەویش عیراقە.

بەپیی دان پیانانی دوو ئەفسەرە راکردووەی عیراقی لەتورکیا کەناوەکانی خۆیان نەدرکاند، لەکاتی دوانیان بۆ رۆژنامەی ئۆبزیرڤەر ووتیان: راهینانی سەربازی تایبەت ئەنجام دەدرێ لەسەربازگەی

سەلمان پاك بۆ ئامادەكردنی كۆمەڵیك لەئەندامانی موخابەراتی عیراقی بۆ ئەنجامدانی كاری تیرۆریستی دژی ووڵاتانی دراوسێ یان ووڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، هەروەك ئەم دوو ئەفسەرە كە یەكیان بەپلەی عەقید بوو ئەوەشیان دووپات كردەوە كەهیچ ئاگاداریەكیان لەبارەی تەقینەوەكانی ١١ی ئەیلول نیە نەیانتونیوە نزیك ببنەوە بەڵام بوونی گەرەكیكی گەورە لەناو سەربازگەی سەلمان پاكە زۆر جیی گومانە لەكاتیكدا كۆمەڵی لەزانای چەكی كیمیاوی بەسەر پەرشتی زانایەكی ئەلمانی كاردەكەن بۆ وەبەرهینانی چەكی كیمیاوی لەم سەربازگەیە.

ئەو دوو ئەفسەرە لەدریژەی قسەكانیان وتیان: ئیمە هەموو ئەو كارانەمان لیقەدەغەبوو دوای تەواوبوونی خزمەتیان بەڵام لەماوەی چەندین سالی خزمەتیان لەسوپای عیراقدا زۆر شتمان بینیوەو بیستووە سەبارەت بەئەندامانی ئەلقاعیدە لەسەربازگەی سەلمان پاك بەبەردەوامی راهینانو مەشقیان ئەنجام داوە بەتایبەتیش راهینانی جەستەیی.

لەماوەی قسەكردنمان لەگەل هەندیك لەوانەی بینیومانن لەئەندامانی ئەلقاعیدە بۆ مان دەركەوتوە كەئەمانەخەلكی سعودیاو یەمەن و میسرو وولاتانی عەرەبی بوون . ئیمەش ئەوانمان رادەهینا بە شیوەیەكی بەردەوام لە سەر چۆنیتی هیرش كرد سەر دام ودەزگاو بەرژەوەندیەكانی ئەمریكا .بەردەوامیش لە سەرەوەی خۆمانمان رینمایمان بۆدەهات كە تیایدا دەوترا (شەری كەنداو هیشتا كۆتای نەهاتوە لەلایەن سەدامەوە بەلكو هیشتا لەشەردایە لە گەل ئەمریكا).

هەروەها لەسەرەتای تشرینی یەكەمی ٢٠٠١ئەفسەریكی عیراقی بەناوی ئەبو زەینەب رایكرد بۆ توركیا .لە كاتی لیكۆڵینەوەی دەزگای موخابەراتی ئەمریكی (CIA) ئەم ئەفسەرە كۆمەڵیك زانیاری زۆرگرنگی دركاند لەكاتیكدا ئەم ئەفسەرە وەك ئەفسەرەكانی پیشولە لە سەربازگەی سەلمان بەگ كاری دەكرد .

ئەبو زەینەب دەلیت :كەرتی رۆژئاوایی ئەم سەربازگەیە كەدەكەویتە لای رووباری دیجلە بەتەواوی داگیر كرابوو تەل بەند كرابوو تەنانەت هاتنی گەشتیارانیش بۆ ئەم ناوچەیە قەدەغەبوو بەلام ژمارەیەكی زۆر لە خانوبەرەی تەواو ریك و پیك لە ناو ئەم سەربازگەیە هەبوو كەتیایدا ئەندامانی ئەلقاعیدە كەخەلكی میسرو سعودیاو یەمەن و جەزائیر بوون تیایدا نیشتە جی بوون . هەروەها دەلیت بەشیك هەبوو لەناو ئەو سەربازگەیە كەبەكەرتی بیگانەكان ناسراو بوو، راستەو خۆ لەلایەن سەدام حسینەوە سەرپەرشتی دەكرا . ئەو مەشقەی لەلایەن بیگانەكان (مەبەست ئەندامانی ئەلقاعیدە)دەكرا بریتی بوو لە ٦مانگ مەشق كردن لەسەر چۆنیەتی رفاندنی فرۆكە بە چەقۆ یان بەبی چەقۆ (بەدەست)دەكرا .

هەروەها ئەبوو زەینەب دەلیت :لەوسەربازگەیە ژنیش مەشقیان دەكرد لەسەرئەوجۆرەكارانە. دواتر دوای ٤ رۆژ لیكۆڵینەوە لەكۆتایی گوتی : ئەگەردەتانەوی زانیاری چاكتان دەسكەویت برۆن پرسیار لە نەقیب سەباح قودادە بكەن كە ئیستا لەتكساس دادەنیشیت .

# *شایەتی‌و دانانی نەقیب سەباح قودادە ئەللامی

دوای ئەوەی ئەبو زەینەب بە موخابەراتی ئەمریکی (CIA) نەقیب راگەیاند نەقیب سەباح قودادە زانیاری زۆری پی یەو لەتەکساس دادەنیشی ، راستەو خۆ CIAپەوەندیان بەنقیب قدادا کرد تاوەکو کۆمەلیك زانیاری لەبارەی سەربازگەیی سەلمان بەگ لی وەرگرن . ئەوەبوو توانیان لیکۆلینەوەی لەگەلدا ئەنجام بدەن سەبارەت بەو سەربازگەیە . قودادە ماوەی ٨ سال لەم سەربازگەیە مەشقی بە ئەندامانی ئەلقاعیدە داوەو زانیاری زۆری لە لایە .لەوبارەوە نەقیب سەباح قدادا دەلیت :من مەشقی زۆرم بە ئەندامانی ئەلقاعیدە ئەنجام داوە لەسەر رفاندنی فرۆکە و کوشتن و رفاندنی کەسانی دەستنیشان کراو . هەروەك خۆشی دەلیت ئەم سەربازگەیە سەربازگەی ئەندامانی ئەلقاعید بووەو سەدام حوسین خۆی راستەخۆسەرپەرشتی دەکردو ئاگاداری دەکرد .لەراستی دا قدادا بۆ دەزگای موخابەراتی ئەمریکا CIAگرنگیەکی زۆری هەبوو چونکە لەلایەك زانیاری زۆر گرنگی ووردی لەلابوو پیشتر پییان نەزانیبوو جی ی گرنگی زۆری ئەمریکیەکان بوو ، لەلایەکی‌تر زانیاریەکانی قودادە تیوەگلانی سەدامی لەروداوی ١١ی ئەیلول دەسەلماند . ئەگەر چی قودادە هیندە ناسراو نەبوو یان ئەمەریکیەکان پییان نەزانی تاوەکو ئەبوززەینەب ناوی نەدرکاند .دواتر قدادا بۆ بەرنامەی(فرۆنتلاین)ی کەنالی A.B.Cدواو زۆر شتی باس کرد لەوانە ووتی :سەربازگەی سەلمان بەگ مەشقی چری بۆ کۆمەلیك لەهاولاتیانی وەلاتانی عەرەب سەربەریکخراوی ئەلقاعیدە ئەنجام داوەو ئەو سەربازگەیەش لەلایەن تیرۆرستی جیهانی شەبەح بەریوە دەبراو مەشقی رفاندنی فرۆکەو شەمەندەفەرو ئوتومبیلی یاندەکرد . هەروەها قدادا دەلیت : لەگەل ئەوەی ریوشوینی زۆرتوندو نهینی دەگیرا بەر لەو سەربازگەیە ، بەلام شەبەح کۆمەلیکی تر بەردەوام مەشقیان بەهەندی کەس دەکرد .ئەو کەسانە باسیان لەهەندی چالاکی دەکرد کەلە پیشدا ئەنجامیان دابوو لەوانە رۆژیکیان بۆ یان باس کردم هەندیك لە کەسانە لە کاتی داگیر کردنی کۆیت چوونەتە خاکی سعودیاو وینەی تەواوی شوینو جیگایی سوپایی ئەمریکیان هینایەوە لەناوچی زەهران دواتریش بووە ئامانجی موشەکیکی سکۆدی عیراقی کەبوە هۆی کوژرانی ٢٨سەربازی ئەمریکی‌و بریندار بوونی ١٠٠سەربازی تر . لەوەوە ئەمریکیەکان دلنیابوون کە سەدام حوسین و دەست و پیوندەکانی دەستیان هەبوە بە ی‌شیوەیەکی ناراستەو خۆ لەتەقینەوە ١١ی ئەیلول . ئەویش بەیارمەتی دانی ژمارەیەك لەئەندامانی ئەلقاعیدە .

هەروەك سەباحیش ووتی : ئەندامانی ئەلقاعیدە مەشقیان لە سەر رفاندنی فرۆکەدەکرد بەچەقۆی بچوك یان بەبی چەقۆ. ئەوەی لە رفاندنی فرۆکەکانی ١١ی ئەیلولیش رویداوە ریك بەو ریگەیە رفینراوە کەئیمە مەشقمان پیدەکردن لە سەر فرۆکەی بۆنیگی٧٠٧

*تیمەکانی پشکنین باس لەو چالاکیانە دەکەن

تیمەکانی پشکنین بە هەمان شیوە بەهۆی ئەوەی زۆر جیگەیی هەستیار عیراق دەگەران چاویان بەزۆر شت کەوتبوو بەلکو زانیاری زۆریان کۆکردەوە لەوبارەوە هەروەك یەکیك لە ئەندامانی تیمی

پشكنين دەليت كاتيك نزيك بوينەوە لە سلمان بەگ بەو پىيە كارى پشكنينان ئەنجام دەدا يان بەدوايى چەكى كۆكوژدا دەگەراين پييان ووتين ليرە سەربازگەيەك هەيە بۆ مەشقى نەهيشتنى تيرۆر بەلام لە راستى دا دواتر زانيمان ئەو سەربازگەيەكەبۆ مەشق پيكردنى ئەندامانى ئەلقاعيدەيە .يەكيك لەديارده هەره زەقەكانى ئەو سەر بازگەيەش مەشق كردن بوو لەسەر فرۆكەى بۆنيگى707بەهەندى هاولاتى كەخەلكى وولاتانى كەنداو بوون .دەبى بوترى سدام حوسين زۆر موعجيب بوو بە تەقينەوەكانى هەردوو بالويزى ئەمريكا لە كينياو تانزانيا بۆيەدەيويست سود لەو كەسانەوەربگرى بۆ پيكانى ئامانجەكانى عينوانى پشكنينى شايەتى ريچارد سبيەزيل ليسراوى تيمە پشكينەكان

هەروەها لە بارەى سەربازگەى سەلمان بەگ ريچارد سبيرزل سەرۆكى پيشوى تيمە پشكنيرەكانى تايبەت بەچەكى بايە لۆژى دەليت : ئەرگەر چى عيراقيەكان بەردەوام پيان دەوتين سەربازگەى سەلمان بەگ سەربازگەيەكەبۆ دژى تيرۆر بەلام هەريەكە لە ئيمەبەردەوام گومانمان لە قسەكانيان دەكرد چونكە پيمان وابوو ئەم سەربازگەيە تايبەتە بەهەندى كارى ناديار . بەلام دواى ئەوەى هەندى لەراكردوانى عيراق دانيان بەهەندى زانيارى دانا (مەبەست ئەو ئەفسەرانەى لەو سەربازگەيەدابون رايانكردبوو). يەكسەر بۆمان دەركەوت كەئەم سەربازگەيەتايبەتە بەمەشق وراهينانى ئەندامانى ئەلقاعيدە .

هەروهادەليت : گەورە ئەفسەرانى موخابەراتى عيراقى راستەو خۆسەرپەرشتى ئەم سەربازگەيەيان دەكر لەلاى كەرتى يەكەم تايبەت بوو بە راهينانى كچ وژنانى عيراقى سەر بەكۆمەلەى(فيدائى صدام)لەسەركارى سيخورى تيرۆر كردن وكارى تيكدەرانە بۆرژيمى عيراق و كەرتەكەى ترى بۆ مەشق و راهينانى ئەندامانى بن لادن و هەندى هاولاتى عەرەبى ديكە كە ئيمە دەمان توانى بيان بينين كاتيك مەشقيان لەسەر چۆنيەتى كۆنترۆلكردن و رفاندنى فركەى بۆنيگى 707دەكەن هەروەهالايەكىترى ئەم سەربازگەيە شوينى كار كردنى زانا بايەلۆژيەكان بووكە پيشتر لەلايەن فرۆكەكانى هاوپەيمانان تەخت كرابوو لەماوەى دواىشەرى كۆيت .

## چارلس دويلفيرى جيگرىتيمى پشكنينەكان دەدوى .

*دان نانى هەردوو ئەفسەرىپايە بەرزى عيراقىكەكاريان كردبو لەو سەربازگەيە بەلگەو رينمونييەكى زۆرباش بوو بۆ ليكۆلينەوە ، بۆيە چارلز دويلفيدى جيگرى تيمە پشكنەرەكان لەوبارەيەوە دەليت كاتى بە هەليكۆپتەرەكەم لەناو سەربازژگەى سلمان بەگنيشتمەوە چاوم بەفرۆكەى بۆنيگى707كەوت. ريك قسەكانى هەردوو ئەفسەرى هەلاتوى عيراقى دەسەلماند . ئەگەر چى عيراقيەكان دەيان گوت ئەم فرۆكەيە بۆ پۆليسەو ، بەكار ديت بۆ مەشق كردن دژى تيرۆر بەلام ئيمەراستىيەكەمان لائاشكرابوو بۆ يە يەكسەر وشەى (دژە)مان لەپيش تيرۆر لابرد چونكە چونكە ئەم فرۆكەيە بۆ مەشق كردن بوو

به تیرۆرستان . بەلام بەداخەوە ئەمریکا تائیستا دوژمنی سەرەکیو ستراتیجی خۆی بەتەواوی ناناسی .

## مەشق وراهینانی خۆکوژی لەلای عودەیی کوری صدام

وەك دیارە بناغەی رژیمی عیراق لەسەرئاژاوەگیری شەرو ئاشوب و تیرۆەر پیکهاتوە ، بۆ یە هەموو هەولەکانی لەو بوارانەدا دەخاتەگەرو بەکاریان دەهینیت هەروەك هەموودەزگا سەربازی و ئەمنیکانی لەخزمەت تیرۆەر ورفاندن دابوە بەلکو بەردەوام خول ومەشقی تایبەتیان بۆ دەکریتەوە . بەپیی هەندی سەرچاوەی تایبەتیو قسەی ئەو کەسانەی رایان کردوە بۆ دەرەوەی سنوری عیراق ، حکومەتیعیراق لە بژار کردنیکدا ٥٨ئەفسەری فرۆکەوانیان جیاکردەوە ئەو ئەفسەرانەی دلنیابون لییان کەسەر بە رژیمی عیراقن ودلسۆزی رژیمەکەن ، رەوانەی خولیکی راهینانی خۆکوژیان کردن بۆ ماوەی ٣مانگ . کە لە دوبنەکە لەیەکتر جیا ئەنجام دران . وەك هەندی سەرچاوەی تر ئەوەیان راگەیاند عودەیی کوری سەدام حوسین لەسالی ٢٠٠٠ژمارەیەك لەئەندامانی موخابەراتی کۆریایی باکوری هیناوە بۆمەشق پیکردن و راهینانی نزیکەی ١٢٠ ئەندامی میلیشای (فیدائی صەدام) لەلیژنەی ئۆلمپی عیراقی بەمەستی راهینانیان لە سەر تەقانەنەوەو رفاندنی وتیرۆرو رفاندنی فرۆکەوانەکانیش لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠دەستی پیکرد لە بارەگایی لیژنەی ئۆلمپی ولە ئاداری سالی ٢٠٠١تەواوبوە. ئەم خولەش زیاتر گرنگی داوە بەرفاندنی گەورە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و گیرانەوەیان بۆ عیراق لەریگەی رفاندنی فرۆکەوە هەربۆیە ئەم مەبەستەش بری٧ملیۆن دۆلار بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کرا .

## چاوپیکەوتنی ئەحمەد عەتاو ئەحمەد عانی گەورە ئەفسەری موخابەراتی عیراقی .

بەپیی وتەی هەندی سەرچاوەی چیکی مەحەمەد عەتای ئەندامی ئەلقاعیدە چاوی کەوتوە بە گەورە ئەفسەری موخابەراتی عیراقی ئەحمەد ئەلعانی لەسالی ٢٠٠٠، پیدە چیت چاوپیکەوتنەکەی مەحەمەد عەتا بۆ دەسکەوتنی پاسپۆرتیکی ساختەبوبیت . ئەمەش بۆ یەکەم جار بووە بەرپرسانی چیکی لەچاوپیکەوتنی ئەو دووکەسە کەبدوین ئەویش لە رۆژنامەی وۆل ستریت بلاوکرایەوە رۆژی ٢٠٠١/١٠/٥ تیایداهاتوە : ئەحمەد عەتاو ئەحمەد عانی لە هاوین ٢٠٠٠یەکتریان بینیوە لە پراغ . هەروەك وەزیری ناوخۆی چیك رۆژی ٢٠٠١/١٠/٢٧ئەوەی دوپات کردەوە کەدیبلوماتی عیراقی احمد عانی چاوی کەوتوە بە ئەحمەد عەتای سەر بە ئەلقاعیدە .

هەرواها بەبی هەندی سەرچاوە لە موخابەراتی چیکی لە پراگ ، سەرۆکی عیراقی سەدام حوسین رۆلی گرنگی هەبوە لە لە چالاکیەکانی ئەلقاعیدە ، ئەگەر چی هەندیك لەوەزیرەکانی عیراق هەولی بی وەی حکومەتی عیراقیان دەرخستبوو لە نەتەوە یەکگرتوە

كان له سه‌باره‌ت روداوه‌كانی ١١ی ئه‌يلول . به‌لام باسی ئه‌وه‌يان نه‌كرد كه‌بۆ چی هه‌نديك له گه‌وره ديبلۆماتانی عيراقی كه‌چاويان كه‌وتبو به مه‌حه‌مه‌د عه‌تا له‌و ساته‌وه بزربون و ديارنه‌مان هه‌روه‌ها تائيستا ئه‌وه يان رون نه كردۆته‌وه بۆ چی كۆمه‌ليك له‌گه‌وره پياوان و ئه‌فسه‌رانی موخابه‌راتی عيراقی چه‌ند جاريك چاويان به محمد عه‌تا كه‌وتوه له‌ئه‌لمانياو ئيسپانيا وچيك . له هه‌مان كات دا وه‌زاره‌تی‌به‌روگری چيك بيگومانی خۆيان ده‌ربری له‌بونی ده‌ستی سه‌دام حوسين له‌هيرشه‌كاانی ئه‌نتراكس بۆ سه‌ر ئه‌مريكا . هه‌روه‌ها وه‌زيری ناخۆی چيك ستايسلاف رۆژی ٢/١٠/ ٢٠٠١سه‌باره‌ت به‌وه‌سه‌له‌يه بۆ رۆژنامه نوسان دواو ووتی : ئه‌فسه‌ری موخابه‌راتی عيراقی‌و محمد عه‌تای ئه‌ندامی ئه لقاعيده جی‌ی مه‌به‌ست وليكۆلينه‌وه‌ی ئيمه بوو . محمد عه‌تا رۆژی ٢حوزه‌يرانی ٢٠٠٠له ئه‌لمانياوه له‌ريی ووشكانی هاتۆته ناوخۆی چيك و دواتر رۆژی دوايی به فرۆكه چۆته وولاته يه‌كگرتووه‌كان .ئيمه‌ئيستا له‌وه ده‌كۆلينه‌وه چونكه پيمان وايه تيپه‌ريت عه‌تا رۆژی ٣١/ئاياری/٢٠٠٠هاتۆته خاكی چيك له‌ريی فرۆكه‌وه به‌بی وه‌ی له ناو فرۆكه‌خانه به ژوری ترانزيت به هۆی نه‌بوونی بليت دخولی . له كاتيكدا پۆليسی چيك رۆژی ٢٢/ ١٠/ ٢٠٠١ رايگه‌ياند مه‌حه‌مه‌د عه‌تا به لانی كه‌م ئه‌مسال واته سالی ٢٠٠٠هاتۆته پراگ . دياره پيده‌چيت له وماوه‌يه چاوی كه‌وتبيت به ئه‌ندامانی بالويزی عيراق احمد خليل ابراهيم سعيد العانی . دواتر ناوبراو له‌چيك ده‌ركرا به‌هۆی كاری ناياساييه‌وه .ئه‌وه‌ی زۆر سه‌يريش بوه له سه‌ردانی محمد عه‌تا بۆ چيك ئه‌وه‌بوه كه‌محمد عه‌تا حوزه‌يرانی ٢٠٠٠له هامبورگه‌وه هاتوه بۆ پراگ به‌لامنه‌بوونی فيزه‌وه ريگه‌ی پينه‌دراوه بۆ هاتنه ناو خاكی چيگ دواتر دوای سی رۆژ له گه‌رانه‌وه‌ی بۆ ئه‌لمانيا وه‌ده‌گه‌ريته‌وه بۆ چيك به‌خۆيی‌وفيزه‌ی ره‌سمی بۆماوه‌ی ٢٤ سه‌عات پاشان له‌و يوه به‌ره‌و ئه‌مريكا ريكه‌وتوه ، ئينجا له نيسانی ٢٠٠١ديته‌وه چيك و جاريكی تر ده‌گه‌ريته‌وه ئه‌مه‌ريكا ، پاش ئوه‌ی مه‌شقی فرۆكه وانی ته‌واو ده‌كات .

## چاوپيكه‌وتنی محمد عه‌تاو حبيب مه‌عموری .

له‌و باره وه پۆليسی ئيتاليا رايگه‌ياند پيان سه‌يره چۆن سه‌دام حوسينی سه‌رۆكی عيراق باليۆزی وولاته‌كه‌ی به‌كارهيناوه له رۆما تا هاوكاری و په‌يوه‌ندی له گه‌ل ريكخراوی ئه‌لقاعيده بكات . هه‌روه‌ك راستيانگه‌ياندە حه‌بيب فارس مه‌عموری ناويك به ناوی به‌ريوه‌به‌ری نوی ی قوتابخانه‌ی منالانی باليۆز ره‌وانه‌ی رۆماكرا بوو به‌لام له هاتن به دواوه كه‌س بينيوه . دياره دواتر ده‌چيته چيك و هامبۆرگ تاچاوی بكه‌ويت به مه حه‌مه‌د عه‌تا .

## چاوپيكه‌وتنی مه‌حه‌مه‌د عه‌تاو فاروق حيجازی له ئه‌ستمبوول

*به پی‌ی راپۆرتيكی گۆڤاری (نيۆزويكی)به‌ناوبانگی جيهانی . مه‌حه‌د عه‌تای خۆی ته‌قانده‌وه له روداوی خۆكوژی ١١ی ئه‌يلولی٢٠٠١ له‌مانگی نيسانی ٢٠٠١چاوی كه‌وتوه به فاروق حيجازی باليۆزی عيراق له ئه‌نقه‌ره به‌لام به‌ماوه‌يه‌ك به‌رله ته‌قينه‌وه‌ی

١١ی ئەیلول حکومەتی عیراق فاروق حیجازی بانگهیشتی بەغدای کاتەوە . دیارە چاوپیکەوتنی یەکەمی نیوان مەحەمەد عەتا و فاروق حسین حبیب بۆ ئەوە بوە تاوەکو پاسپۆرتکی ئیتالی دەستکەویت لەژیر ناوی (مەحەمەد ئەمیری عوچ سید عەتا). ئەو چاوپیکەوتنە لە حوزەیرانی ٢٠٠٠لە پراگی چیك رویدا وە . دواتر بەریوە بەرایەتی لیکۆلینەوەی فیدرالی FBIداوای لە حکومەتی تورکیا کرد حەسانەی دیبلۆماتی لە سەر فاروق حیجازی هەلگریت و رادەستی ئەمریکیان بکات تاوەکو لیکۆلینەوەی پیویستی لەگەل بکریت بەهۆی پەیوەندی ئەو کابرایە بە بن لادنەوە . بەپیی زانیاریەکان فاروق حیجازی گەورە ئەفسەریکی موخابەراتی عیراقیەو بە پلەی عەمید و شارەزای بواری تیرۆرە و لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧بەبالویزی عیراق لە ئەنقەرە دامەزراینرا دواتر سەرۆکی عیراق سەدام حوسین بەنوینەری تایبەتی رەوانەی قەندەهاری دەکات بۆ بینینی ئوسامە بن لادن لە کانونی یەکەمی ١٩٩٨ . پاشان بە ماوەیەك بەر لە روداوی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ لەلایەن بەغداوە بانگهیشت دەکریتەوە ، بەریگای زاخۆ دەگەریتەوە بۆ بەغدا رۆژی ٢٠٠١/٩/٢٨کە ئوتومبیلیکی GMCلەچاوەروانی دا بو لە ریگا .
ئەگەر چی بریار وا بوو لە ئاهەنگی پیشوازی پەنابەرانی عیراقی ئامادەبیت لە ئەنقەرە بەلام دواتر عەباس شمریو سکرتیری دووهەمی بالویز خانەی عیراق واحسان فرید گلعت الخفاف کە ئەفسەری موخابەراتی عیراقیە بە پلەی موقەدم و بەرپرسی پەیوەندی موخابەراتیە لە ئیمارات ئامادەبوون .

## چاو پیکەوتنی مەروان ئەلشحی و زیاد ئەلجەراح بە موخابەراتی عیراقی :

*بەپیی گوتەی گەورە ئەفسەریکی موخابەراتی ئەمریکی دەزگایی موخابەراتی ئەمریکی CIAزانیاری زۆر وورد و تەواوی لایە سەبارەت بە چاوپیکەوتنی دوان لە رفینەرانی فرۆکەکانی ١١ی ئەیلول بە ئەفسەرانی موخابەراتی عیراقی لە دەرەوەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ، کە باوەر دەکریت ئەم دوو کەسە زۆر نزیك بوبن لە مەحەمەد عەتای گەورە رفینەری فرۆکە کانی ١١ی ئەیلول کە ئەم دوو کەسە مەروان ئەلشحی و زیاد ئەلجراح دوو ئەندامی ریکخستنی ئەلقاعیدە بون لە ئەلمانیا و لە گەل محمد عەتا ژیابوون لە کۆتایی نەوەدەکان . هەروەها ئەو سەرچاوەیەی CIAئەوەشی دووپاتکردەوە کەئەم دوکەسە چاویان کەوتوە بەگەورە ئەفسرانی موخابەراتی عیراقی لە ئیماراتی عەرەبی چونکە عیراق .
بەرفراوانترین تۆری موخابەراتی خۆی بەشیوە یەکی نایاسایی لەم وولاتە بەریوە دەبات . هەر لەو ریگەشەوە نەوتی قاچاغ رەوانەی دەرەوە دەکات و کەل و پەلی پیویست نایاسای دەهینیت .

## دەزگایی موخابەراتی عیراقی پیش داگیر ساندنی کۆیت و دواتر

*بەر لە دەسپیکرنی شەری کۆیت رژیمی عیراق خاوەنی دەزگایەکی بنکە فراوانی موخابەراتی بوو هەر بەو هۆیەش توانی

زنجیرەیـەك كـرداری تیرۆربكـات . لەوكاتـەش دا كـاری موخابــەراتی عیراقی زۆر بەئاسانی بەریوە دەچوو كەلە ژێر پـەردەی دیبلۆماسـی لەرێی بالیۆزخانـەكانی خۆی بە شینەی كارەكانی بەریوە دەبـرد . لەهــەمان كـاتیش دا بـەنی بـالی راسـتی حـزب بەعســی عــەرەبی لەدەرەوەی عیراق هاندەریكی باش بوو بۆ موخابەراتی عیراقی و هاوكاری دەزگای ناو براو یان دەكرد . بۆنموونە :

١. تیرۆر كردنی مەردان التركیتی لەسالی ١٩٧٣لەكۆیت .
٢. تیرۆركردنی سالم یۆرس سالی ١٩٩٧لە ئەمریكا
٣. تیرۆۆركردنی سعید حمامی سالی ١٩٧٨ لەندەن .
٤. تیرۆر كردنی عصمت شریف سالی ١٩٧٨لە سویسرا .
٥. هەولی تیرۆر كردنی اياد علاوی سالی ١٩٧٨لە اەندەن .
٦. هەولی تیرۆر كردنی مەسعود بارزانی سالی ١٩٧٩لەنەمسا .
٧. تیرۆر كردنی عادل وصفی لەسالی ١٩٧٩ لە بەیروت .
٨. تیرۆكردنی فەلاح صراف سالی ١٩٨٠ لە بولگاریا
٩. تـیرۆركردنی مەحەمــەد سـلیمان لــە ســالی ١٩٨١/٥/١٩لــە ئیمارات .
١٠. تیرۆر كردنی سالم ئاكرەی سالی ١٩٨٠ لە ئەمریكا .
١١. تیرۆر كردنی نایلۆن بەشی لە سالی ١٩٨٣لە ئەمەریكا .
١٢. تیرۆر كردنی دمەحەمەد حەبەش سالی ١٩٨٦ لە فەرەنسا
١٣. تیرۆر كردنی حسین حەیدەری سالی ١٩٨٧لە ئیتالیا
١٤. هەولی تیرۆر كردنی زانایی ئاینی مەحەد زەكی سویج سالی ١٩٧٨لە تایلەند .
١٥. تیرۆر كردنی نیعمەت مهدی عبد وسامی محمد مهدی لە ١٤/ ٣/ ١٩٧٨لە پاكستان .
١٦. تیرۆر كرددنی زانایی ئاینی مەهدی حكیم لە ١/١٧/ ١٩٨٨لە لەنددەن .
١٧. تیرۆر كردنیعەبدولرەحیم شەریف لە سالی ١٩٨٨ لەلەندەن .

بەلام لەگەل داگیر كردنی كۆیت لە ٢/ ئابی /١٩٩٠رژیمی عیراق هەموو پەیوەندیە دەرەكیەكانی پچراو تەواو بەركە ناگیر لە جیهان . بـە كــەنار گـیر بوونــی عــیراق و داخســتنی زۆربــەی بالیۆزخانــەی موخابـەراتیعیراقی تـەواوی هیلـە نـهینیكان وریكخسـتنی . بـۆ یـە تاماوەیەكی دریژ موخابەراتی عیراقی توشی گۆدبونیكی گەورە بوو.

دواتـر دوای تیپـەربوونی چـەند سالیك بەسـەر داگـیركردنی كویـت لەسـالی ١٩٩٠ هــەندیك لــەوولاتانی عــەرەبی و ئــەوروپی كەوتنــە پــــەیوەندی ســــەرەتایی لەگــــەلّ حكومــــەتی عــــیراق. لەگـــــەلّ دەسپیكردنەوەی پەیوەندییە دەرەوەییەكانی سـەر لـەنوێ رژیمـی عیراق دەسـت كـردەوە بەبنیاتنانـەوەی دەزگـای موخابـەراتی خـۆی ئـەوەبوو لەسـالی ١٩٩٩ عبدحمـودی سـكرتیری تایبــەتی سـەدام فـەرمانی پیـدرا نووسـینگەیەكی تایبـەتی موخابـەراتی عـیراق پیـك بـهینێ، ئەگـەر چـی سـەدام كـامل بەرپرسـی نووسـینگەی تایبــەتی موخابەراتی سەرۆكایەتی عیراق بوو.

لەوەتــەی ســالی ٢٠٠٠یشــەوە قوســەی كـوری بچوكــی ســەدام بەرەسمی بەرپرسیتی موخابـەراتی عـیراقی وەرگـرت واتـە دەزگـای ئـەمنی گشـتیو دەزگـای جاسوسـی كـاری نویـی ئـەم دەزگایــەش

ژیاندنەوەی لقی دەرەوەی حزبی بەعسی عیراقی بالی راست بوو کە پیشتر رۆلی زۆر گەورەی هەبوو لەکارئاسانی کاری جاسوسی دەزگای موخابەراتی عیراقی. لەوماوەیی دوای ئەم گۆرانکاریەدا ئەم دەزگایە کەوتە چالاکی بۆ دەست خستنی هەندیك لەو ماددەو کەل پەلانەی رژیمی عیراق سودی لیدەبینیت بۆ بنیاتنانەوەی بەرنامی ناوەکیو بایەلۆژی.

## هەولی تەتاندنەوەی رادیۆی عیراقی ئازاد لە پراگ لەلایەن موخابەراتی عیراقیەوە

دیارە چاوپیکەوتنەکانی نیوان ئەحمەد عانیو محەمەد عەتای ئەندامی ئەلقاعیدە بۆ ماوەیەکی دوورودریژ چەند جاریك دووبارە بۆتەوە بەپیی راپۆرتەکانیش لەکاتی چاوپیکەوتنەکان یەکیك لەو بابەتانەی جیی گفتوگۆبوون مەسەلی تەقاندنەوەی رادیۆی عیراقی ئازاد بووە.

بەپیی هەوالەکانی ئاژانسی دەنگوباسی چیك سەرۆکی لیژنەی پەرلەمانی بۆ چاودیریکردنی دەزگای جاسوسی(B.A.S) لەرۆژی ١٩٩٩/١/٢٨بەدەزگای ئاژانسی هەوالەکانی چیکی راگەیاندووە: ئەو ئاگاداری هەولەکانی موخابەراتی عیراقی نەبووە بۆ تەقاندنەوەی رادیۆی عیراقی ئازاد لەپراگ. دواتر شەوی ١٩٩٩/١/٢٨ تەلەفزیۆنی چیك ئەوەی بلاوکردەوە (کارل فلیترین)ی سەرۆکی (B. A.S) لەسەر کار لابراوە لەبەرئەوەی سەرکەوتوو نەبووە لەئاگادارکردنەوەی وەزارەتی ناوەخۆ سەبارەت بەو هیرشەی کەبریار بوو بکریتە سەر رادیۆی عیراقی ئازاد. کە هیرشەکە نەخشەی بۆ کیشرابوو لەلایەن بالویزی عیراق لەپراگ بەناوی(جابر سەلیم). ماوەتەوە بلیین: تەلەفزیۆنی چیك هەمان شەو رایگەیاند دەزگای موخابەراتی ئەم وولاتە توانیویانمە هەولیکی تیرۆریستاننە پووچەڵ بکەنەوە کەبریار بوو رادیۆی عیراقی ئازاد بتەقینریتەوە.

شایانی باسە جابر سەلیم بری ٥٠هەزار دۆلاری بۆ رەوانە کرابوو تاوەکو بەو پارەیە رادیۆی عیراقی ئازاد بتەقینیتەوە، بەڵام دواتر بۆی کرا بە ١٠٠هەزار دۆلار کەچی نەیتوانی کارەکە ئەنجام بدات.

دواتر بەماوەیەکی کەم جابر سەلیمی بەرپرسی موخابەراتی عیراقی لەچیكو سلۆڤانیا رایکرد بۆ نەمسا بەبیانوی چارەسەرکردنی کچەکەی لەنەخۆشخانە پاشان بەرەو ئەلمانیاو بەریتانیا رایکرد بەمەبەستی دەستخستنی مافی پەنابەریتی سیاسی. لەگەڵ خۆیشیدا هەموو نهینییەکانی بالویزی عیراقی بردو تەسلیمی ئەو وولاتەی کرد کەمافی پەنابەریتی بەناوبراو بەخشی. هیندەشی پینەچوو حکومەتی چیك داوای لە ئەحمەدعانی کرد خاکی چیك جیبهیلی بەهۆی ئەنجامدانی هەندیکار کە لەگەڵ کاری دیبلۆماسی ناگونجی.

# لەسیدارەدانی

# بەڕیوەبەری گشتی موخابەراتی عیراقی

رافع دحام تكریتی بالویزی عیراق بوو لەتورکیا دواتر بانگهیشت کرایەوە لە ١٩٩٧ لەلایەن رژیمی عیراق و سەدام حوسین خۆی پیشوازی لیکردو بەبەریوەبەری گشتی موخابەراتی عیراقی داینا.

دیارە هەرچی کاری بالویزی لەتورکیا پیی سپیردرابیّ دوایی کراوەتە بەریوەبەری موخابەراتی عیراقی.

ئەوەی سەدام لەرافع تکریتی دەویست وەك بەریوەبەری موخابەراتی عیراق سیّکاری سەرەکی بوو یەکەمیان: بەهیزکردنی موخابەرات و بەرزکردنەوەی ورەی ئەندامانیان و تۆکمەکردنی موخابەرات و نەهیشتنی گەندەلی ناو دەزگاکەبوو، چونکە دەزگاکە زۆر گۆد ببوو، تەنانەت نەیانزانی ئەنجامدەری لیدانی عودەی کیّبوو لەسالی١٩٩٦ دووەمیان: سەرپەرشتیکردنی گفتوگۆ بوو لەگەڵ کوردان لەکوردستانی (عیراق) لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تالەبانی سکرتیری گشتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەریەکە بەجیا لەگەڵ بەغدا. سیّیەمیشیان: فراوانکردنی پەیوەندی و کرانەوەی زیاتر لەگەڵ مۆسکۆ چونکە سەدام پیی وابوو دەبیتە هۆی یارمەتیدان بۆ ژیاندنەوەی بەرنامەی ناوەکی و بایەلۆژی لەریی پرۆتۆکۆلی ئابوری نیوانیان هەروەها دەستخستنی چەکی دژە ئاسمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی فرۆکەکانی ئەمەریکا لەناوچەی دژە فرین.

بەڵام ئەوەی سەدام داوای کرد لەتکریتی نەك هەرجیّبەجیّ نەکرا بەرافع دحام تکریتی، بەلکو بەپیچەوانەی داواکانی سەدام سوراو رافع دحام توشی نسکۆیەکی لەناکاو بوو، کەبووە هۆی رأکردنی پینج لەسەرکردایەتی موخابەراتی رۆژئاوای ئاسیا لەنیودلهی، هەروەها دوان لەئەدامانی سەرکردایەتی موخابەراتی عیراقی لەناخۆی عیراق.

هەروەها سەرکەوتنی بەدەست نەهینا لەئاسیایی کردنەوەی پەیوەندی رژیم لەگەڵ کورد لەکوردستانی(عیراق)ن بەلکو گومان لەوە پەیدابوو کەزانیاریەکانیا گەیشتبیتە دەست لانە کوردییەکان. دواتر ئاشکرابوونی پیشکەوتنی پەیوەندی نیوان روسیاو عیراق لەریی گیرانی هەندیّ وینەی زۆر گرنگی سەربازگەو راداری عیراقی کە وینەکان لەلایەن روسیاوە درایەوە بە عیراق، دیارە پیشتر لەلایەن هەندیّ وولاّتی ناوچەکە گیرابوون.

دواتر لەکۆنگرەی تایبەتی دەزگای موخابەراتی عیراقی لەنیسانی ١٩٩٩ چەندین تۆمەت خرایە پاڵ رافع دحام تکریتی و هەردوو یاریدەدەرەکەی خلیل ابراهیم و حسن پلج بەتۆمەتی بەرپرسیتی شکست هینانی موخابەراتی عیراقی لەسەر ئاستی هەریمایەتی و نیودەولەتی لەسیدارەدرا.

بەپیی هەندیّ سەرچاوە بەریوەبەری موخابەراتی عیراق رافع دحام تکریتی لەمانگی تشرینی ١٩٩٩لەسیدارەدرا بەهۆی ئاشکرا بوون و دزەکردنی هەوالی یەکیك لەسەفقەکانی چەك لەنیوان روسیاو عیراق. کەرۆژنامە بلاّویان کردەوە کە رافع دحام بەرووداوی ئۆتۆمبیل گیانی

لەدەست داوە، بەهۆی وەستانی دڵ لەنەخۆشخانە گیانی لەدەست داوە، بەڵام ئەو هەواڵانەی گەیشتوونەتە دەزگا دیبلۆماسی‌یەكانی رۆژئاوا ئەوە دەسەلمینن كە رافع دحام دوای ئەوەی لیكۆڵینەوەی تەواوی لەگەڵدا دەكریێ سەبارەت بەدزەكردنی هەواڵ بۆ رۆژنامەی سەندەی تەلەگراف و لەسیدارە دەدریێ.

لەسیدارە دانی رافع دحام بەریوەبەری موخابەراتی عیراقی وای لەبەریوبەری نویێ موخابەراتی عیراقی گاهرحبوش كرد هەولی جددی بدات بۆ ریكخستن و خستنەگەری موخابەراتی عیراقی.

## موخابەراتی عیراقی و چالاكی بەناو( ٢١ )

لەسەرەتای سالی ٢٠٠٠موخابەراتی عیراق دەستی كرد بەنەخشەكیشانی نویێ بۆ پرۆسەو تیرۆری نویێ، هەر بەبۆنەی هاتنی سەدەی نویشەوە نەخشەی چالاكیەكی نوییان كیشا بە سەرپەرشتی قوسەی كورەبچوكی سەدام بەناوی پرۆسەی ٢١. كە بری دوو ملیار دۆلاری بۆ تەرخانكرا بەشیوەی قۆناغ قۆناغ ئامانجی سەرەكی ئەم نەخشەیە یان ئەو پرۆسە نویێیە بریتی‌بوو لەسەر لەنویێ كاركردن لەسەر باش كردنی ناوبانگی عیراق لەسەر ئاستی ناوچەكەو جیهان، هەروەها لاوازكردنی ئۆپۆزسیۆن و ناشیرین كردنی رووی ئۆپۆزسیۆن، لەلایەكی‌تر دەستپیكردنی رووی ئەم دوو وولاتە لەسەر ئاستی عەرەب بەوپییەی هاوكاری ئەمەریكاو بەریتانیا دەكەن لەهیرش كردنە سەر عیراق و پشتگیری كردنی رووی ئەم دوو وولاتە لەسەر ئاستی عەرەب بەوپییەی هاوكاری ئەمەریكاو بەریتانیا دەكەن لەهیرش كردنە سەر عیراق و ریگەدان بەفرۆكەكانیان بۆ هاتنە ئاسمانی عیراق و پشتگیری كردنی ئابلۆقەی ئابووری كە بۆتە هۆی لەناوچوونی منالانی عیراق.

## رەوانەكردنی ئەندامانی موخابەرات بۆ دەرەوە

لەكارە گرنگەكانی موخابەراتی عیراقی بۆ ژیاندنەوەی موخابەراتی عیراقی بەشی دەرەوەی چاندنی ئەندامانی لەوولاتانی ئەوروپاو دەوروبەر بوو لەژیر ناوی جۆراوجۆرەوە كە گرنترینیان رەوانەكردنی ژمارەیەكی زۆر لەئەندامانیان بوو لەژیر ناوی پەنابەرانی عیراقی و رەوانەكردنی ژمارەیەكی دیكە بەناوی رووناكبیرانی راكردوو لەزۆرداری و توندوتیژی حكومەتی عیراقی، یان لەژیر پەردەی دیبلۆماسی و ناتۆرەی تر، كاری هەرەگرنگی ئەو ئەندامانەش پەیوەندی‌كردن بوو بەهەندیێ گروپی فەلەستینی وەك ریكخراوی(ابو نچال)و ریكخراوی ئەلقاعیدەی بن لادن بوو، هەروەها هاوكاری‌كردنی ریكخراوی موجاهیدینی خەلقی ئیرانی و جیهادی میسری بۆ لیدان و كزكردنی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر ئۆپۆزسیۆن.

ئەفسەرەكانی موخابەراتی عیراقی لەژیر پەردەی دیبلۆماتی عیراقی هەلدەستان بەكۆكردنەوەی زانیاری و گفتۆگۆكردنی لایەنە جیاجیاكان و رەوانەكردنی ئەندامانی موخابەرات بۆ نەمساو ئەلمانیا و بەشەكانی دیكەی ئەوروپا.

عانی یەکێك بوو لەئەندامە چالاکەکانی موخابەرات و ماوەیەکی زۆر کاری کردبوو لەدائیرەی نهێنی موخابەراتی عیراقی لەگەڵ فاروق ئەلحجازی بالویزی عیراق لەئەنقەرە کە ئەو کاتە بەرپرسی مەتتبی ئەوروپای موخابەراتی عیراقی بوو، عانی لەسالی ١٩٨٦ەوە لەموخابەراتی عیراقی کاردەکات و لەژمارەیەك وولات کاری کردووەو بەلایەنگیری سەدام ناسراوبوو هەروەها بەدرەندەو بۆگەنیش ناسرابوو تەنانەت چەندین کەسی بەدەستی خۆی خنکاندووە کاتێك لەدائیرەی پێنجی نهێنی موخابەرات بووە.

لەبارەی موخابەراتی عیراقیەوە رۆژی ١/تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ ئاژانسی رۆیتەر لەزاری بەرپرسی نووسینگەی فیدرالی بۆ پاراستنی دەستوری ئەلمانیا بڵاوی کردەوە: ماوەیەکە موخابەراتی عیراقی ئەندامانی رەوانەی ئەوروپا دەکات لەژێر ناوی پەنابەرانی سیاسی و بیانووی جیاجیای تر بۆ چاودیری کردن و هەوالگری لەسەر ئۆپۆزسیۆنی عیراقی کاتیکیش لیپیان پرسی ئەو کەسانە پەیوەندییان بەرووداوی ١١ی ئەیلولەوە هەیە ووتی: لیکۆلینەوە لەو بارەیەوە بەردەوامە و ناتوانین ئەم پرسیارە وەڵام بدەینەوە. رۆژی ٣٠/تشرینی یەکەمی٢٠٠١یش وەزیر دەرەوەی چیك راگەیاند دیبلۆماتانی عیراق پەیوەندییان بەبەرپرس و ئەندامانی ئەقاعیدە کردووە بەڵام دەسەڵاتداریتی پرگ هەندیك دەرکردووە بەتۆمەتی رەوانەکردنی پیاوانی موخابەراتی عیراقی بۆ ئەلمانیا و نەمسا و هەندێ وولاتانی دیکە بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری تیکەرانە.

بەڵام سەرچاوەکانی دیکەی عیراق ئەوەیان راگەیاند کەفاروق حیجازی بالیۆزی عیراق لەئەنقەرە لەسەر پەیوەندی بووە لەگەڵ هەندێ ئەفسەری عیراقی کۆبکاتەوە، هەر سەبارەت بە موخابەراتی عیراقی(خچر حمزە)ی زانای عیراقی کە سەرۆکایەتی بەرنامەی چەکی ناوەکی عیراقی کردووە دەلێ: سەدام خاوەنی تۆریکی موخابەراتی ئەوتۆیە هیچ کام لەوولاتانی ناوچەکە خاوەنی نین و بەشیوەیەکی زۆر ئالۆز داریژراوە.

## تۆری نیودەولەتی موخابەراتی عیراقی

موخابەراتی عیراقی پیکهاتووە لەچەند بەشیکی جیاجیا. یەکیك لەو بەشانە ناوی ژووری ئەوقاف و بزوتنەوە ئیسلامییەکانە کەکاری ئەم ژوورە بریتیە لە سەرپەرشتی کردنی پەیوەندییە لەگەڵ ئەو بزوتنەوە ئیسلامییانەی پەیوەندیان لەگەڵ موخابەراتی عیراقی هەیە،بەریوەبەری ئەم ژوورەش عەقیدی روکن(فەوزی علی عابد)ە هەروەها ژووریکی تر هەیە سەرپەرشتی موخابەراتی عیراقی دەکات لەئەفغانستان و پاکستان و بەنگلادیش بەسەرپەرشتی احمد جەعفەر کە چەند جاریك هاوکاری دارایی گەیاندە بن لادن لەرێی پاکستانەوە لەلایەکی تر موخابەراتی عیراقی چەند پەیوەندییەکی وخابەراتی ئەلمانیای رۆژهەلاتی (ستازی) بۆ مایەوە کەبریتیبوون لەکۆمەلیك باندی قاچاغ و مافیا و پیاوکوژو خوین ریژ، کاری موخابەراتی عیراقیش لەگەڵ ئەم باندانە پەیداکردن و دەستخستنی

ماددەی قاچاخی بایەلۆژیو ناوەکی بۆ بەرنامەکانی بایەلۆژیو ناوەکی عیراق.

شایانی باسە ئەم باندانە خاوەنی پیاوانی پیاوکوژو بەندەرو کەشتیو پارەیەکی زۆرنو دەتوانن کاری زۆر مەترسیدا ئەنجام بدەن حوکمەتی عیراقیش لەرێی پارەی نەوتی قاچاخی خۆی پارەیەکی زۆر لەم ریگە خەرج دەکات.

## موخابەراتی عیراقی لەتورکیا

ئاشکرایە موخابەراتی عیراقی بەردەوام هەولی ئەوەی داوە دزە بکات بۆ وولاتانی دەوروبەر تاوەکو کاری تیکدەرانە ئەنجام بدات. یەکیکیش لەو لقانەی ك چالاکانە کار دەکا لەهەریمەکەدا لقی تورکیای موخابەرات عیراق بوو.

موخابەراتی عیراقی دەستی بەچالاکی کرد پاش ئەوەی عەمیدی ئیستخباراتی سەلمان ئەحمەد علی بەبەرپرسی پاشکۆی سەربازی عیراق لەبالویزی عیراق لەتورکیا دانرا. ئەفسەرە ماوەیەکی زۆر لەئیستخباراتی عیراقی کاری کردبوو هەروەها پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵ بالویزەکانی عەرەبو غەیرە عەرەبەکان بەبەغدا.

کاری سەلمان ئەحمەدیش ئەوەبوو هاوکاری فاروق حیجازی بکات کەبەرپرسی کارە نهینیەکانی دەزگای موخابەراتی عیراق لەئەنقەرە بوو هەروەها بەرپرسی موخابەراتی عیراقی بوو لەتورکیاو دوان لەگەورە ئەفسەرانی موخابەراتی عیراقیش لەژیر فەرمانی ئەو کاریان دەکرد فاروق حیجازی کەبەرەچەلەك فەلەستینییە یەکیك بوو لەگەورە بەرپرسانی موخابەراتی عیراقیو پەیوەندی راستەوخۆی بەبەغداوە هەبوو لەنهینیە هەرەگرنگەکانی دەزانی و خاوەنی کەسیتییەکی زۆر گرنگ بووە لای رژیمی عیراق، ئەو پیاوە بەر لەشەری کەنداوی دووەم وەك بالویزی عیراق لەکویت کاری دەکردو دوای داگیرکردنی کویت (١٩٩٠) رەوانەی ژووری چالاکیە تایبەتیەکانی کرا لەموخابەراتی عیراقی لەناوچەی سەلمان پاك وەك سەرپەرشتیارو وانەبیژی ئەفسەرانی موخابەراتی عیراقی بۆ چۆنیەتی نەخشەکیشانی خولەتایبەتیەکانو چۆنیەتی بەریوەبردنی تۆرەکانی موخابەرات و تیرۆرو رفاندنی فرۆکە. هەر ئەو پیاوەش بوو لەسالی ١٩٩٨چاوی بەئوسامە بن لادن کەوت لەقەندەهار.

حیجازی ئیستا کۆمەلیك تۆری جاسوسی لەئەوروپاو وولاتانی ناوچەکە بەریوەدەبات لەئەنقەرەو بالویزخانەی عیراقیش بەیەکیك لەگەورەترین سەنتەری گرنگی موخابەراتی عیراقی دەزانریت. کەپیشتر لەجیگەکەی ئەو رافع دحام تکریتی بالویزی عیراق بوو لەئەنقەرە و یەکیکیش لەگەورە هاوکارانی حیجازی ئیستا (مقدم احسان فرید گلعت حفاف)ە کەوەك جیگری سکرتیری بالویزی عیراق لەئەنقەرە کاردەکات.

هەندیك سەرچاوەش پییان وایە سەدام حوسین سەرۆکی عیراق دوای کەنارگیربوونی لەداگیرکردنی کویت بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی پیویست حیجازی وەك بەرپرسی موخابەراتی رەوانەی سۆدان کرد لەسالی ١٩٩٤بۆ چاوپیکەوتنی ئوسامە بن لادنو دواتر لەقەندەنارو کابول لەسالی ١٩٩٨ حیجازی دوای ١١ی ئەیلول دەگەریتەوە بەغدا

بۆئەوەی حکونەتی تورکیا ئاگادار بکاتەوە دواتر لە ١٨ ئەیلول دەگەریتەوە ئەنقەرە. وەزارەتی دەرەوەی ئەنقەرە سەرسورمانی خۆی لەگەرانەوەی حیجازی بۆ بەغداو هاتنەوەی بۆ ئەنقەرە دەردەبڕێ چونکە هیچ بەلگەیەکی لەفرۆکەخانەی ئەنقەرە تۆمار نەکرابوو.

موخابەراتی عیراق لەپراگ:

یەکیکی تر لەبنکە چالاکەکانی موخابەراتی عیراقی لەدەرەوەی عیراق بریتییە لەلقی شیکی موخهابەراتی عیراقی کەچالاکی زۆر و چروپڕ بۆ رژیمی عیراق لەدەرەوە ئەنجام دەدات.

بەرپرسی موخابەراتی عیراق ئەحمەد عانی بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ وەك بالویزی عیراق کاری کردووە ئەحمەد عانی تەمەنی ٤٣ سالە یەکیکە لەو ئەفسەرانەی شەری زۆری لەناو سنوری ئیرانی ئەنجام داوە لەدواوەی سەنگەرەکانی ئیران دواتر پلەکەی بەرزکراوەتەوە بۆ یەکەی(M8) کە بریتییە لەبەشی چالاکیە تایبەتیەکان هەر ئەویش بوو چاوی کەوت بەم محمەد عەتای گەورە رفینەری فرۆکەکانی نیۆیۆرك.

بەپیی ووتەی ئەفسەرانی راکردوو لەتورکیا ئەحمەد عانی هەموو شیوەیەك خۆی دەگۆریت یەکیك لەو ئەوفسەرانە دەلیت عانیم بینی چاویلکەیەکی هەرزەکارانەو ملوانیەیەکی زیوی لەمل بوو قژیشی وەك هەرزەکارە هەرە خراپەکانی ئەمەریکا تاشی بوو. دیارە بەتەمای چالاکییەکی تایبەت بوو.

## لقی ئەلمانیای موخابەراتی عیراقی:

ئەلمانیا جیگایەکی گرنگ دەگریت لەچالاکیەکانی موخابەراتی عیراقی، ئەویش بەهۆی بوونی ئەو ئازادییەی لەناو سنوری ئەلمانیاوە بەدی دەکریت لەبازرگانیو پەراندنەوەی کەلوپەلی پیویستی سەربازی و ناوەکی بایەلۆژی هەروەها بوونی بازاریکی فراوان لەوولاتەکە، کەئەگەری دەستکەوتنی هەموو شتیکی لیدەکریت، رژیمی عیراقیش دوای ئەوەی لەژیرەوە و بەئاشکرا پەیوەندی لەگەل هەندێ کۆمپانیای ئەلمانیا پەیداکرد هیندەیتر گرنگی دا بەلقی ئەلمانیای موخابەراتی وولاتەکەی، ئەگەرچی حکومەتی ئەلمانیا هەردەم یەك هەلویستی هەبووە لەگەل ئەمەریکا سەبارەت بەکیشەی عیراق.

هەر لەکاتی چالاکیو جموجۆلی ئەندامانی موخابەراتی عیراقی لە ئەلمانیا دەسەلاتدارانی ئەلمانیا توانیان وائل لوتفی لەناوچەی پایرنی ئەلمانیا دەستگیر بکەن کە دەیویست سێکەس لەئەندامانی موخابەراتی عیراقی بەپلەی ئەفسەر بپەریننەوە لەپرگەوە بۆ ئەلمانیا وائل خاوەنی ناسنامەی نەمساییەو لەئابی ١٩٩٩هاورییەتی عزەت دووری کرد کاتیك چوە نەمسا بۆ چارەسەرکردن، وائل سەربەئەحمەد عانی بوو لەپراگو کاریشی دەربازکردنی ئەفسەرانی موخابەراتی عیراقی بوو لەپراگەوە بۆ نەمساو ئەلمانیا.

هەروەها ئەوشیان ئاشکراکرد کە مەزهەری برای عەبدحەمودی سەرپەرشتیاری ئۆتیل بابل(یەکیك لە ئوتیلە گرنگو سەرەکییەکانی بەغدا) هاتوچۆی شاری میونخی ئەلمانیا دەکات بەهۆی سود وەرگرتن لە فیزەی یەکیك لەولاتە ئەوروپاییەکانو پەیوەندیو

هاوكاری دەكات لەگەڵ هەندێ لایەن بۆ بنیاتنانەوەی موخابەراتی عیراقی بەمەبەستی وەدەست خستنی هەندێ مادەی نهێنی بۆ حكومەتی عیراقی.

شایانی باسە هەردەم رژیمی عیراق هەولی دەست خستنی مادە یاساغەكانی داوە لەریگەی قاچاغەوە لەماوەی ١٠ سالی رابردوو. لەهەمانكاتدا هەندێ سەرچاوەی عیراقی لەئەلمانیا رایانگەیاند پەنابەرانی سیاسی عیراقی لەئەلمانیا پەیوەندی زۆریان بۆ دەكریت بەتەلەفۆن لەلایەن موخابەراتی عیراقەوە داوایان لیدەكریت كاربكەن لەریزی موخابەراتی عیراقی ئەگەر نا هەرەشەی ژیانیان و تیرۆركردنی خیزانیان لیدەكریت لەعیراق.

هەروەها بەپێی گووتەی یەكیك لەو عیراقیانەی لەئەلمانیا نیشتەجێیەو كارەكات لەیەكیك لە ریخراوە ناحكومیەكانی كەتایبەتە بەپەنابەران دەلیت: ماوەماوە راپۆرتمان دەگاتە دەست سەبارەت بەچاوپیكەوتنی هەندێ لەپەنابەرانی عیراقی لەگەڵ موخابەراتی عیراقی لەتوركیا یان لەعەممان هەروەك یەكیك لەپەنابەرانی عیراقی كە لەریی كوردستان گەیشتبووە ئەلمانیا ئاشكرای كردبوو كە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ موخابەراتی عیراقی.

لەلایەكی تر ئاژانسی (پاراستنی دەستور) لەئەلمانیا رایگەیاند هەندیك لەئەلمانیاوە بەشیوەی نهینی كاردەكەن بۆ خزمەتی موخابەراتی عیراقی و سنوری نیوان ئیمەو چیكیان كرۆتەوە خالیكی سەرەكی پەراندنەوەی ئەندامانی موخابەراتی عیراقی لەریگەی كۆمەلیك باندی درندەو پیاوكوژو مافیا. هەروەك لیكۆلینەوە بەردەوامە لەبوونی دەستی موخابەراتی عیراق لە تەقینەوەوەكانی ١١ سیپتیمبەر بۆ سەر بارەگای سەنتەری بازرگانی و پنتاگۆن لەئەمەریكا بەتایبەت لەكاتیكدا بەلگەی تەواو لەبەردەستدایە سەبارەت بەچاوپیكەوتنی محمەد عتتاو ئەحمەد عانی بالویزی عیراق لەپراگ، وەك بەرپرسانی ئەلمانیش باسی لیوەدەكەن كاری گرنگی موخابەراتی عیراقی لەئەلمانیا ئەوەیە چاودیری ئۆپۆزسیۆنی عیراق و كارو چالاكیەكانیانە.

## موخابەراتی عیراق لەڤییەننە:

فاروق ئەلحیجازی بالویزی عیراق لەئەنقەرە بەرلەوەی ببیتە بالویزی عیراق لەئەنقەرە سالی ١٩٩٧ چەند جاریك سەردانی ڤیەننای كردبوو دوای ئەوەی كەبووە بالویزی عیراق لەئەنقەرە لە سالی ١٩٩٩ دەسكرا بەگەرخستنی موخابەراتی عیراقی لەنەمسا لەرێی رەوانەكردنی ژمارەیەك لەئەندامانی موخابەرات بۆ ئەم وولاتە بەسەر پەرشتی ئەفسەری موخابەرات محەمەد دلیمی كە پیشتر وەك بالویزی عیراق لەئەلمانیای رۆژئاوا لەبۆن كاری كردبوو لەسالی ١٩٩٠.

ئەگەر چی ناوبراو ویستی وەك ئەندامی بالویزی عیراق بچیتە ئەلمانیا بەلام حكومەتی ئەلمانیا رازی نەبوو لەچوار كارمەند زیاتر لەبالویزخانەی عیراق كاربكەن لەكاتیكدا لەو چوار كارمەندەی عیراق سیانیان سەر بەموخابەراتی عیراقی بوون.

دلیمی زۆر دەچووە وولاتانی عەرەبی بۆ ئەنجامدانی چالاکی موخابەراتی بەهۆی فرسەتی ئازادی سەرفەرکردن بۆ ئەو وولاتانە لەریی ئەلمانیاوە لە دەرەوەی عیراق.

## موخابەراتی عیراقی لەوولاتانی دیکەی ئەوروپی:

ونەبێ رژیم تەنها لەتورکیاو چیك و ئەلمانیاو نەمسا کاری موخابەراتی ئەنجام دابێ بەلکو خانەو ریکخستنی موخابەراتی هەبوو لەوولاتانی وەك فەرەنسا و یۆنان و رۆمانیاو بولغاریا و پۆلەنداو.. تر

بەم دواییانەش ریکخستنی برۆکسیلیان لە(ریاز ئەلوەیس و جواد کازم و موئەید ئەحمەد حسین و هاشم حمود حەسەن و جەمیل ئەسعەد کەلەژیر ناوی جیاجیاوە لەبالویزی عیراق کاردەکەن.

## لقی ئیماراتی موخابەراتی عیراق:

بەهۆی داگیرکردنی کویت لەسالی ١٩٩٠و هەلگەرانەوەی وولاتانی کەنداو لەسەدام و هاتنی سوپای ئەمەریکی و بەریتانی بۆ کەنداو موخابەراتی عیراقی و رژیمی عیراقی زیانیکی ئیجگار گەورەیان لیکەوت بەلام دوای تیپەربوونی چەند سالیك بەسەر رووداوی داگیرکردنی کویت و هەولەکانی رژیم بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەلّ وولاتانی کەنداو، موخابەراتی عیراقی هەولەکانی خۆی خستەگەر بۆ دزەکردنی بۆ ئەم وولاتانە. بەتایبەتیش وولاتی ئیماراتی عەرەبی کە نزیکە لە سعودیاو کویت و بەهۆیەوە دەتوانریت بەئاسانی بپەرنەوە بۆ ناو دام و دەزگاکانی ئەو وولاتانە و چالاکی ئەنجام بدریت.

بەپێی زانیاریەکان بەریوەبەری موخابەراتی عیراقی لەئیمارات ناوی عقید(حسن علی عاشور)ەو بەرپرسی دزەکردنی بۆ ناو دەزگای پۆلیس و ئاسایشی ئیماراتی و سعودییە و ریکخستنەکەی پیکهاتووە لە ٣٤ئەندام بەناوی (کۆمەلەی قارعە)وە کەسالی پار گەیشتنە ئیمارات.

هەندێ سەرچاوەی ئاگادار لەبارودۆخی عیراق پییان وایە ژووری (سگع) لەموخابەراتی عیراقی بەرپرسە لەوچالاکیانەی لەقولایی دەسەلات کویت و ئیمارات چالاکی ئەنجام دەدریت کەلیوا روکن(اسماعیل حسن تکریتی) بەریوەبەری دەبات و هاوکارانیشی بریتین لەعەمید(محەمەد جەعفەر) و عەقید روکن لازم گلال و حیدر کازم زبیدی و حسن عاجل فرحان و مقدم روکن جاسم محەمەد صالح و مقدم روکن جلیل بدران سەلمان ورايد لەتیف نعمە و رائد کازم جواد خلدون و راید علی عباس هەروەك وا باوەر دەکرێ ئەمانە نەخشەی تەقینەوەی ١١ی ئەیلولیشیان لابیت.

## موخابەراتی عیراقی لەلیبیا:

هەروەها موخابەراتی عیراقی لەریی شاکر ئەلدوری و سامر ئەلقەیسی هاوکاری توانیان چەند کەسیك بدۆزنەوە لەو عیراقیانەی لەلیبیان، تاوەکو هاوکاریان لەگەلدا بکەن بۆ چاودیری کردنی ئەو عیراقیانەی لەلیبیا بەلام دوایی توشی شکستی گەورەبوون

لەهەولەکانیان بۆ پەرینەوە بۆ بەریتانیا تاوەکو هەندێ ئەندامیان لەوێ وەبچن بۆ چاودیریکردنی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لەبەریتانیا هەروەها شکستی گەورەیان خوارد لەکۆمەلیك چالاکی بە سەرکردایەتی هەیسەم ئەلراوی لەتونس کەبەتەمابوون بچنە باکوری ئەفەریقاو تاوەکو دەستیان بگاتە بەریتانیا.

## ریکەوتنی نهینی نیوان عیراق و بن لادن و حکومەتی سۆدان بۆ دروستکردنی چەکی بایەلۆژی

لەلایەکی تر راپۆرتە نهینییەکانی موخابەراتی عیراق ئەوە رادەگەیەنن چەند ریکەوتنیکی نهینی هەیە لەنیوان بن لادنو سۆدان و عیراق بۆ بنیاتنانی چەکی بایەلۆژی. ئەم ریکەوتنانە لە تشرینی ١٩٩٨ بەستراوەو لەوە بەدواوە بەرپرسانی هەرسێ لا چەندین جار چاویان پیکەوتووە، بەڵام لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٩ گۆڤاری (الوگن العربی) کەلە پاریس دەردەچیت راپۆرتیکی نهینی بڵاوکردەوە کە بن لادن و سەدام حکومەتی سۆدان هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ بنیاتنانی چەکی بایەلۆژی بەپێی ریکەوتنەکەش کارگەکان لەسۆدان بنیات بنرین، بەپشتیوانی پارەی ئەلقاعیدەو و بەهاوکاری زاناو شارەزایانی عیراقی ئەگەر چی ئەم زانیاریانە لەسەرەتادا وەك دەنگۆ پاگەندە بڵاوبۆوە بەڵام موخابەراتی ئەمەریکا توانی یەکیك لەشارەزایانی بواری بایەلۆژی بەشیوەیەکی نهینی رەوانەی سۆدان بکات و لەو شوینەی کارگەی بایەلۆژیەکەی لێیە کەمیك لەگلی ناوچەکە بهینێ و بیگەیەنیتە واشنتۆنو دوای لیکۆلینەوەی چروپر لەتاقیگەکانی ئەمەریکا دەرکەوت کەلەم ناوچەیە گازی (VX)هەیە بەهۆی بوونی ترشی EMPTAلەو گلەی کەگەیەنرا بەئەمەریکا ئەم مادەیەش پیکهاتەی سەرەکی گازی (VX)ە.

لەلایەکی ترەوە بەپێی گووتەی لیکۆلەرەوانی (FBI) ئاشکرایان کردووە کە هەندیك لەوانەی خۆیان تەقاندۆتەوە هەولی بەکارهینانی چەکی بایەلۆژیان داوە لەریی فرۆکەی تایبەتی کشتوکالی بەسود وەرگرتنیان لەئەنتەرنیت بۆ وەرگرتنی زانیاری هەروەك هەموو کەل‌وپەلو پیویستەکانیان دابین کردبوو بۆ تاقیکردنەوەی ئەو ریگەیە بەڵام لەبەر چەند هۆکاریکی نادیار ئەم چالاکییە جێبەجێنەکرا کە بریاربوو گازی سارین یان (VX) تیادا بەکاربیت. شایانی باسە ئەم پرۆژەیە ٣٠ ملیۆن دۆڵاری تیادا خەرج کرا بەڵام جێبەجێنەکرا.

### سەدام سیستمیك دادەریژی بۆ لیدانی هەندێ پایتەختی ئەورووپی

لەشوباتی (٢٠٠٠) هەندێ زانیاری موخابەراتی دزەی کرد بۆ نیو دەزگا ئیعلامیەکانی جیهان لەبارەی توانای عیراق لەبەرهەم هینانو دروستکردنی هەندێ موشەك کەلە تونای داهەیە بگاتە شارە ئەورووپیەکان و ئەو موشەکانەش توانای هەلگرتنی کڵاوەی بایەلۆژیان هەیە. گەیشتنی ئەم هەوالە بەمیدیاکانی جیهان وای لەموخبەراتی رۆژئاواکرد هیندەی تر چاو بری بکات لەجمودجۆلی عیراق و هەولەکانی بۆ هینانی کەرەستەو پیداویستی بەرهەم هینانی موشەکی بالیستی.

رۆژی ٢٤-٢٥/ شوباتی - ٢٠٠٠ رۆژنامەی تایمز بڵاوی کردەوە موخابەراتی ئەلمانی (D,N.D) کۆمەلیك زانیاری زۆر گرنگیان دەسکەوتووە لەبارەی بەرنامەی موشەکی و بایەلۆژی عیراق.

**بەرنامەی ناوەکی و بایەلۆژی عیراق**

لەوانەیە چ لەوە مەترسیدارتر نەبیت لەسەر ئەمەریکا وەك ئەوەی ریکخراوی ئەلقاعیدە پرمەترسیدارە بەتایبەتیش کاتیك هەولی بەکارهینانی چەکی کیمیاوی و بایەلۆژی دەدەن لەدژی ئەمەریکا چونکە زۆر بەئاسانی دروست دەکریت و زۆر بەئاسانیش دەگویزریتەوە هەروەك زانیاری لەبارەی ئەم ریکخراوە هەیە سەبارەت بە هەولەکانی بۆ بەکارهینانی چەکی بایەلۆژی لەدژی ئەمەریکا.

بەڵام لەوەش مەترسیدارتر بۆ ئەمەریکا ئەوەیە کاتیك ئەم ریکخراوە و رژیمی عیراق بەیەکەوە هاوکاری یەکتری دەکەن لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، وەك ئاشکرایە رژیمی عیراق بەیەکەوە هاوکاری یەکتری دەکەن لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، وەك ئاشکرایە رژیمی عیراق لەپیناو مانەوەی خۆیی و دەستخستنی چەکی بایەلۆژی و ناوەکی بەسەدان ملیۆن و ملیار دۆلار خەرج دەکات هەروەك لەدژی گەلی کورد لەکوردستان (هەلەبجە) و لەباشوری عیراقیش لەدوای ١٩٩٠ بەکاری هیناوە.

بەپێی راپۆرتیکی رۆژنامەی(تۆریری میل)ی ئوسترالی لەکاتی لیکۆلینەوەکانی دوای ١١ی ئەیلولی نیۆیۆرك دەرکەوتووە چەند ریکەوتنیکی نهینی بەستراوە لەنیوان عیراق و بن لادن بۆ هیرش کردنە سەرئەمەریکا ئەم ریکەوتنانە لەسالی ١٩٩٨ ئیمزاکراوە بەپێی ریکەوتنەکەش شارەزایانی عیراق کارگەیەکی بەرهەم هینانی چەکی بایەلۆژی دادەمەزرینن لەسۆدان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئوسامە بن لادن.

بەڵام بەپیی راپۆرتی تیمیکی کۆنگریسی ئەمەریکی، کارگەیەکی بەرهەم هینانی ماددە بایەلۆژیەکانی لەشاری سۆبای باشوری رۆژئاوای خەرتومی پایتەختی سۆدان لەلایەن شارەزایانی عیراقی‌یەوە دروست کراوە، دیارە عیراق کارگەی لەدەرەوە دروست دەکات لەترسی فرۆکەکانی ئەمەریکا لەعیراق.

زانیارییەکان وای دەردەخەن رژیمی عیراق لەپیشخستنی بەرنامەی ناوەکیدا سەرکەوتنی مەترسی‌داری بەدەست هیناوە لەوماوەیەی دوایدا پیشکەوتنەکانیش بریتین لە: یەکەمیان بەرهەمهینانی ووزەی رەق لەیەکێ لەکارگەکانی پیشخستنی موشەك بەناوی مەئمون کەتوانیویانە مادەی (بیر کلۆریك) بەرهەم بهینن و ئەم مادەیەش یەکیکە لەو سێ پیکهاتە سەرەکییەی ووزەی رەق بەرهەم دینێ.

دووەمیشیان: بەستنی ئامیری ئەلەکترۆنی وورد لەموشەکە دوور هاویژانەی هەیەتی وەك موشەکی(صمود). بەڵام موخابەراتی ئەلمانی ئەوەی راگەیاند عیراق هەوڵ دەدات موشەکی دوور هاویژی(١٨٧٠)میل بەرهەم بینێ بۆ ئەوەی لەکاتی تەنگانەدا بتوانێ هیرشی بکاتە سەر هەندێ شارو پایتەختی ئەوروپا لەهەمان کاتیشدا موخابەراتی ئەلمانی هۆشداری‌دا لەبارەی بنیاتنانەوەی بەرنامەی بایەلۆژی عیراق چونکە پییان وایە ئەگەر بەهەر جۆریك

بيت دەتوانرێ ريگە لەبەرنامە ناوەكييەكەی عيراق بگيرێ بەلام زەحمەتە بتوانرێ بەر لەبەرنامە بايۆلۆژييەكەی بگيرێ كەزۆر بەئاسانیو بەخەرجييەكی كەم دەتوانێ پيشی بخاتو زيانيكی زۆريش بگەيەنێ وەك بەرهەم هينانی بەكترياي ئەنتراكس كە زيانی كەمەر شكين دەوەشينێ.

ئيستا كۆی كارگەكانی ماددەی كيمياوی بەرهەم دينن لەعيراق دەگاتە ٨٠ كارگە، لەو ژمارەيەش ٢٠ كارگەيان مادەی بايەلۆژی پرمەترسيدارو ياساغ بەپێی بەرنامەكانی نەتەوەيەكگرتووەكان بەرهەم دينن، هەروەك كارگەی مەئمون يەكيكە لەو كارگانەی ماددەی مەترسيداری بايەلۆژی بەرهەم دينێ، وەك زانراوە عيراق يارمەتی ئەم كارگانە لەهيند وەردەگريت.

## سەدام مەشق لەسەر مادە بايەلۆژيەكان ئەنجام دەدات.

رۆژی ٢ی ئەيلولی ت/٢٠٠١رۆژنامەی سەنداي تايمزيلاوی كردەوە چەند راپۆرتيكيان بەدەست گەيشتوە سەبارەت بەمردنی ٢٠ سەربازو گواستنەوەی ٢٠٠ سەربازی تر بۆ نەخۆشخانە لە ئەنجامی هەلەيەكی بچوك لەتاقیكردنەوەيەكی بايەلۆژی لەناوچەی زەعفەرانيەی باشوری بەغدا. ئەو سەربازە بريندارانەی گويزرانەوە بۆ نەخۆشخانەش توشی تەنگژەی هەناسەدنو نەخۆشيەكانی سی بوون، وەك لەقسەی يەكيك لەديبلۆماتانی رۆژئاوا هاتوە: ئەو سەربازانەی مەشقيان لەسەر چەكی بايەلۆژی ئەنجام داوە لەسەربازگەكانی صويرەو بسمايە بەرلە ٣مانگ لەبلاووبونەوەی ئەم راپۆرتە. لەهەمان كاتيشدا لەگەڵ مردنی ئەو ژمارەو توش بوونی ژمارەيەكی گەورەتر لەتاقيكردنەوەكان هەروا بەردەوام بوون تەنانەت خيراتريش.

بەهەر حاڵ ئيستا بەلگەی تەواو لەبەردەستدايە لەسەر هەولی جدی زانايانو شارەزايانی بايەلۆژی عيراق بۆ بەرهەم هينانی چەكی زانايانو شارەزايانی بايەلۆژی عيراق بەتايبەت لەماوەی ٣مانگی رابردووەوە(نيسان٢٠٠٢) (٨)كارگەی تايبەت شەورۆژيان خستۆتە سەريەكو بەوپەری خيرايی كاركردن كاردەكەن لەسەر بەرهەم هينانی مادەی بايەلۆژی بەتايبەت لەو كارگانەی لەسەر سنوری سوريا دامەزراون كەئيستا لەژير فەرمانو سەرپەرشتی راستەوخۆی قوسەی كوری سەدامدايە.

### سەدام بەنديە كوردو شيعەكان بەكاردينێ لەتاقيكردنەوە بايەلۆژيەكان!

بەپێی ئەو زانياريانەی لەيەكيك لەوزانا عيراقيانەی بەم دواييەلە عيراق رايكرد بۆ دەرەوە وەرگيراوە، سەدام حوسينی سەرۆكی عيراق فەرمانی بەشارەزاو زانايانی بايەلۆژی عيراق كردوە ئەوپرۆژەيە بەسەرپەرشتیو سەرۆكايەتی پرۆفيسۆر شاهر محمود الجبوری ئەنجامدەدرا كەخۆی ئەفسەريكی پايەبەرزی موخابەراتی عيراقیبوو، هەروەك گەورە ئەفسەرانی عيراقيش ئەوەيان بۆ باس كردم كە لەناوەيەدا زياتر لە ٣٠ بەندی گيانيان لەدەست داوە بەهۆی تاقيكردنەوەكانی لەسەريان ئەنجامدراوە.

## پێشخستنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

ڕژێمی عیراق بۆ بەدەست هێنانی نیازەگڵاوەکانی هەرچی ڕێگەیە تاقیکردۆتەوەو دەکاتەوە ئەگەر خەرجییەکی زۆرو گەورەشی تێبچێت، بۆیە ئێستا خاوەنی چەندین پرۆژەی سەربازیە لەوانە پێشخستنی چەکی بایەلۆژی کیمیاوی و ناوەکی هەروەها پرۆژەی پێشخستنی موشەکی بالیستی و بوارەکانی دیکەی.

بەپێی زانیاریەکانی ڕژێمی عیراقی کار بۆ پێشخستنی ١٢ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکات کەلەهەشتاکانەوە کاری بۆ دەکرێت، ئێستا کاری جدی بۆ زیادکردنی ماوەی کۆترۆل کردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکرێت لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە بۆ زیاتر لە ٧٠٠میل چونکە توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن لەکۆنترۆلکردنی فڕۆکەکە بۆ ماوەی ٧٠٠ میل مەبەستیش لەپێشخستنی ئەم فڕۆکەیە هێرش کردنی بایەلۆژیە بەهۆی فڕۆکەوە بۆ سەر چەند وڵاتێک لەکاتێکدا چەند کۆمپانیایەکی بەرهەم هێنانی دەرمان لەووڵاتانی وەك تایلەندو فلیپین و ئیتالیاو ئیمارات لەژێر لێکۆڵینەوەو پرسیاردان و تۆمەت بارکراون بەفرۆشتن و ڕەوانەکردنی ماددەی کیمیاوی و بایەلۆژی بۆ حکومەتی عیراق.

## پرۆژەی ناوەکی سەدام

هەروەها ئاشکرایە سەدام حوسێن سەرۆکی عیراق لەوەتەی ساڵانی دەستیکردووە بەپێك هێنانی بەرنامەی ناوەکی لە عیراق بەلکو چەند قۆناغی چاکیشی بری بۆ گەیشتن بەئامانجی دروستکردنی بۆمبای ناوەکی یان چەکی ناوەکی بەڵام بەهۆی داگیرکردنی کوێت بەرنامەی ناوەکی عیراقی گۆدبوو دواتر پاش دەرکرکانی لەکوێت دیسان جاریکیتر دەستی کردەوە بە پێشخستنی بەرنامەی ناوەکی لەگەڵ ئەوەی تیمەکانی پشکنین چەندین کارگەو کلاوەیان تێکوپێك شکاند بەڵام ڕژێمی عیراق لەکاری خۆی نەکەوت ئەگەرچی لەگەڵ چەند ڕوبەڕوبونەوەیەك لەگەڵ نەتەوەیەکگرتوەکان دوای سالی ١٩٩٧ بەرنامەکانی بەرنامەکانی عیراق هێندەیتر گۆدبوو تێکشکا واتە ڕیسەکەی سەدام بۆوە بە خوری .

گوین ڕۆبەرت لەنوسینیکی ڕۆژی ٢٥/شوباتی٢٠٠١دەنوسێت چاویکەوتووە بەیەکێك لەئەفسەرە ڕاکردوەکانی عیراق لەکوردستان کەکاریکردبوو لەدەزگای ووزەی ناوەکی عیراق و کاریشی کردبوو لەکۆشکی کۆماریعیراق دەڵێ: ئەو کاری کردوە لەکۆشکی کۆماری پاسەوانیکی تایبەتی هەبووەو بەهۆیو پێگەی لە موخابەراتی عیراقی توانیویەتی زۆر کونو کەلەبەری نهێنیو گرنگ ببینێ یان تەنانەت پێشی بزانن. ئەو ئەفسەرە بۆ گوین ڕۆبەرت وێنەی ئەو بۆمبایە دەکیشێ کە خۆی بینیویەتی لەکارگەی (تویسە)لەبەغدا. ئەم بۆمبایەی باسیکردووە بەجۆریکی سەرەتایی و ساکاربوە، ئەم بۆمبایەی باسیکردووە بەجۆریکی سەرەتاییوساکاربوە، کەلەساڵی

١٩٨٦تەواوكراوە، كەئەوكاتە بردويانە بۆلاى سەدام بەبێ‌یۆرانیۆم بووە، ئەوانەی بردیان بۆلای هەریەکەو ئۆتۆمبیلیکی مۆدیل نوێی ئەوسایان وەرگرتوە ئەو ئەفسەرە دەلیت لەماوەی سالانی ١٩٨٥- ١٩٨٩پینج جار بۆمبایی ئەتۆمیم ببینیوە هەروەك خۆیشی دەلیت: سەرۆکی عیراق هەولّ دەدات بۆمبایەك لەشیوەی بۆمبای هیرۆشیما بەرهەم بینێ کەبۆمباکە بریتی‌بوو لە هەندێ یۆرانیۆم‌و تەقینەوەی چربرکراو لەشیوەی هیرۆشیما.

تاقیکردنەوەی چەکی ناوەکی لەلایەن عیراق

رژیمی عیراق چەندین جار تاقیکردنەوەی ئەتۆمی ئەنجامداوە وەك یەکیك لەتاقیکردنەوەکانی سەعات(١٠:٣٠)رۆژی ١٩٨٩/٩/١٩ لەژیر زەوی لەناوچەیەك لەبەغداوە دورەبە ١٥٠کم هەروەك ئەفسەرەکە دەلیت: سەدام خۆی هەرەشەی لیکردین بە کوشتن ئەگەر بەهەرشیوەیەك هەوالی ئەو تاقیکردنەوەمان درکاند.

تاقیکردنەوەکە لەناوچەیەکی سەربازی لەکەناری دەریاچەی رەزازیەبوو کەناوچەیەکی گەشت‌وگوزاریە ئەنجامدرا کەکونیکی سروشتی لییە دەچیتە گەشت‌وگوزاریە ئەنجامدرا کەکونیکی سروشتی لییە دەچیتەوە سەرئەشکەوتیکی قولّ لەژیر دەریاچەکەو کریکاری تایبەتی لەم ئەشکەوتە ماوەی دووسالّ کاریان کردوە تاوەکو کەمیك فراوانی‌بکەن، دەوروپشتی ئەم شوینەش سەربازگەیەکی حەرەس جمهوری‌تایبەتی بۆ دانرابوو بۆ پاریزگاری کردنی ئەم شوینە. هەربۆیە ئەم مەبەستەش ووزەی کارەبای ووزە بەرزی بۆ دەرۆیشت بۆ مەبەستی کاری تاقیکردنەوەی ناوکی، وەك خۆیشی دەلیت ئەو قەلایەی بۆ کۆنترۆلّ کردنی تەقینەوەکە دروستکرابوو ماوەی ٢٠کم دووربوو. ئەو ئەفسەرە دەلیت عیراق کیشەیەکی گەورەی هەبوو لەبارەی شاردنەوەی تەقینەوەکە بەلاّم روسیا نەخشەو پیلانیکی پیداین کە جولەو بزیوی مانگە دەستکردەکانی ئەمەریکای دیاری دەکرد، بۆیە هەموو شەش کاتژمیریك شوینی ئۆتومبیلەکا دەگویزرانەوە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی‌تر هەروەها ناوچەکە چەندین کیلگەی کشتوکالی لیدروستکرابوو کە ئەندازیارانی ناوەکی کاریان تیادەکرد لەژیر ناوی جوتیاری، کاتیکیش بۆمباکەمان بردە ناو ئەشکەوتەکە بۆتەقاندنەوە سەری ئەشکەوتەکەمان بە ٥٠مەتر کۆنکریت داپۆشی‌و دیسان سەرمان پرکردەوە لەگلّو بەردی گەورە تەنها بۆ داپۆشینی دەنگە تەقینەوەی بۆمباکە بۆمباکەش بەرلە چەند رۆژیك بەلۆریەکی بەستەنەکی(مجمدە) گویزرابۆوە بۆ شوینی مەبەست هەروەك عادەتیك وابوو ئەم جۆرە سەیارەیە بە کاردەهات بۆگویزانەوەی مادده نهینیەکان، لەسەرلای لۆریەکەش نوسرابوو وەزارەتی بازرگانی.

ئەوانەی لەتاقیکردنەکە ئامادەبوون د.خالید ئیراهیم. د.جەعفەر زیائی جەعفەر بوون. کەهەردووکیان بەرپرس بوون لەبەرنامەی ناوەکی عیراق. کاتیکیش تاقی کردنەوەکە ئەنجامدرا من لەناو ئۆتومیلەکەم دابوومن هیچ تەپ‌وتۆزیك روینەدا بەلاّم هەستم بەلەرزی‌و هیچ ئامیریکی زەمین لەرزەش لەناوچەکە مەبەست ولاتانی ناوچەکە هەستی پینەکرد. پاش تەقینەوەکەش هەستاین بەلابردنی

هەرچی پاشماوەی تەقینەوەکەیە لەناوچەکەو داپۆشینی شوینەکە بەکۆنکریت‌و راکیشانی جۆگایەك ئاوی گەورە بۆ شوینی تاقیکردنەوەکە بۆ پاککردنەوەی ئەو شوینەپیس بووە. ئەم ئەفسەرە نامەیەکی حوسین کاملی زاوایی سەدام حوسین ئاشکرا دەکات کەبەرپرسی تصنیع عەسکەری بووەو نامەیەك بۆسەدام دەنیریت لەرۆژی ١٩/ئەیلولی١٩٨٩ تیایدا دەڵیت: بەپشتیوانی خواو سەربازانی دەزگای تصنع عەسکەری‌و دامەزراوەی ئەتۆمی عیراق توانیومان یەکەم تاقیکردنەوەی ئەتۆمی ئەنجام بدەین. کەکیشی بۆمباکە ١٠ تەن بوو تیایدا یۆرانیۆمی چربرکراوە بە ریژەی ٩٠٪بەکارهاتوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە عیراق یەکەم دەوڵەتی عەرەبیە دەبیتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.

## هیرشەکانی ئەنتراکس

راستەوخۆ دوای رووداوی ١١ی ئەیلول لەئەمەریکا هیرشیکی نوێ بۆ سەر ئەو وڵاتە دەستی پیکرد کە بووە هۆی دەنگۆو ترسیکی گەورەی لەنیو دەزگاسیاسی‌و ئیعلامی‌یەکان ئەم وڵاتە ئەو هیرشەیان بەفرۆکەو خۆتەقاندنەوەو فیشەك نەبوو، بەڵکو بڵاوبوونەوەی مادەیەکی زر مەترسیداری بایەلۆژی بوو ئەویش ماددەی ئەنتراکس بوو، ئەم هیرشە زۆربێ‌دەنگ‌و لەناکاوبوو، مەترسییەکەشی هیندە کەمتر نەبوو لەمەترسی تەقینەوەیەك لەدوای یەکەکانی ١١ئەیلول. بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگ‌وباسی بڵاوبوونەوەی ئەو ماددەیە ئەمەریکاییەکان هەموو ریوشوینیکی ئەمنیان گرتەبەر بۆ ریگرتن لەبڵاوبوونەوەی ئەو ماددەیە.

رۆژی ١٥تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ژمارەی تووشبووان بەم ماددەیە گەیشتە هەشت کەس، پینجیان لەنییۆرك‌و سیانیشیان لەفلۆریدا رۆژنامەنووسیکی بەریتانی یەکەم کەس بوو گیانی لەدەستدا بەم ماددەیە کەلەنزیك فرۆکەخانەکەی فلۆریدا تووشی بوو هەروەها وەنەبێ بڵاوبوونەوەی ئەنتراکس بەیەك شیوەو یەك جۆر نەخۆشی لیکەوتبیتەوە لەو ماوە کورتەدا، بەڵکو بەچەندین جۆرو شیوە بڵاوبوویەوەو تووشبواننیشی بەشیوەی جۆراوجۆر گیانیان لەدەست دەدا، ئەمەش هیندەی تر مەترسی‌یەکەی گەورە دەکرد، دووەم قوربانی ئەم ماددەیەش رۆژنامەنووسیکی رۆژنامەی ئالسن بوب ستیڤن بو کەتەمەنی ٢٥ساڵ بوو دواتر ژنیکی تەمەن ٣٥ساڵان گیانی لەدەست دا. بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵانە ترس و گومانیکی گەورەی بڵاوکردەوە تەنانەت نوسینگەی لیکۆڵینەوەی فیدراڵی رایگەیاند: ئەمەریکا تووشی هیرشیکی بەربڵاوی بایەلۆژی بۆتەوە گەر زووکۆنترۆڵ نەکرێ ئەوا زیانیکی گەورە دەوەشینێ.

دواتر بڵاوبوونەوەی ئەم ماددەیە هیندەی تر پەرەی سەند ئەمجارەیان لەدەزگا ئیداریەکانەوە گەیشتە ناو کۆنگریس‌و بەرپرسانی باڵای ئەمەریکا ئەمیش کاتیك شەش پۆلیسی پاسەوانی کۆنگریس‌و یاریدەدەری سیناتۆر (سیناتۆر دانیل) تووشی ئەم نەخۆشی‌یەبوون کەوای کرد باڵەخانەی سەرەکی کۆنگریس بۆ ماوەیەك دابخریت تا ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ بەڵام هەندێ

بەشی کۆنگریس بۆ ماوەیەکی دریژتر نەکرانەوە لەبەرئەنجامدانی پشکنین و دلنیابوون بەڵام ئەنتراکس بەوە نەوەستا تاگەیشتە ناو سندوقی پۆستەی تایبەتی بۆش، ئەو جۆرە ئەنتراکسەی رەوانەش کرابوو بەم دواییە بۆ دەزگا بەرپرسەکانی ئەمەریکا لەجۆریکی زۆر پوخت و پیشکەوتوو بوو لەوبارەوە ریچارد سبیزیك دەلێ: گومان لەوەدا نییە ئەم جۆرەیان چەکیکە تایبەتمەندی زۆر ووری تیایە.

## پەیوەندی سەدام بەهیرشەکانی ئەنتراکس

پاش ئاشکرابوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئەنتراکس لەئەمریکا ئەم وڵاتە تیمیکی تایبەتی رەوانەی ئەورووپا کرد بە لیکۆلینەوە لەهەندێ ریکخستنی ئەلقاعیدە لەووڵاتانی ئەورووپا لەوبارەوە تیمەکە رایگەیاند ئەوان لەراپۆرتیك دەکۆلنەوە لەپراگ کە تیایدا هاتووە هەندێ ماددەی ئەنتراکس دراوەتە محمەد عەتا لەکاتی دوایین چاوپیکەوتنی لەنیسانی ٢٠٠١لەگەڵ ئەحمەد خەلیل ئیبراهیم عانی بالویزی عیراق لەچیك هەروەها ئەفسەرانی موخابەراتی چیك ئەوەیان راگەیاند: بالویزی عیراقی‌یان بینیوە لەفرۆکەخانەی رۆزین چاوی کەوتووە بەمحەمەد عەتا بەڵام ئەو کاتە نەیانزانیوە ئەو کەسە محمەد عەتایە.

رۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١رۆژنامەی بیلیدی ئەلمانی بڵاوی کردەوە محمەد عەتا گەورە خۆتەقینەرەوەی ١١ی ئەیلول و ئەندامی ریکخراوی ئەلقاعیدە کەمۆلەیەك ئەنتراکسی لەیەکیك لەئەندامانی پەیوەندی عیراقی لەپراگ وەرگرتووە دواتر یەکسەر بەرەو نیۆرك بەریکەوتووەو لەویشەوە بەچەند رێو شوینیك و لەلایەن ئەندامانی ئەلقاعیدە رەوانەی دەزگا ئیعلامی سیاسیەکان کراون بەهۆی پۆستی نامەوە ئەگەرچی دواتر بەرپرسانی موخابەراتی چیك بەرەو واشتنۆن ریککەوتن بۆ پیدانی زانیاری بەئەمریکیەکان و لیکۆلینەوە لەبابەتی بڵاوبوونەوەی ئەنتراکس بەڵام ئەو کاتە ئەحمەد عانی لەچیك نەمابوو، چونکە پیشتر لەلایەن حکومەتی چیکی بەهۆی هەندێ کاری ناشایستە لەگەڵ کاری دیبلۆماتی دەرکرابوو.

لەبارەی ئەو جۆرە ئەنتراکسەش شارەزایان و زانایانی ئەمریکی رایانگەیاند و تەئکیدیان کردەوە ئەو جۆرە ئەنتراکسەی رەوانەکرابو بۆ تۆم داچیلی سەرۆکی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئەمریکی دروستکراوە لەچەند ماددەیەکی کیمیاوی زۆر ئالۆز کە تەنها لەروسیاو ئەمەریکاو عیراق دروست دەکرین.

لەرۆژی ٣٠ تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ یشدا سەدام حوسینی سەرۆکی عیراق هاتە سەرشاشەو هەرەشەو گورەشەی زۆری لەئەمەریکا کردوو ووتی: ئەو شەرەی ئەمەریکا دەپەریتەوە دەرەوەی ئەفغانستان وداوایکرد گەلەکۆمەکی لەدژی ئەمەریکا بکەن، بەڵام لەکۆتایی قسەکانیدا ووتی لەوانەیە ئەم شەرەی ئەمەریکا(جیهان بسووتینێ) ئەمەش هەرەشەیەکی ئاشکرای سەرۆکی عیراقی بوو لەئەمریکا یان لەناوچەکە بەتایبەت ئیسرائیل بەهیرشکردنە سەریان بەماددەی بایەلۆژی و کیمیایی. هەروەك رۆژی دواتر رۆژنامەی

نیۆیۆرك تایمز بڵاولا کردەوە ئەم جۆرە ماددەیە تەنها لەعیراق و رووسیا و ئەمەریکا دروست دەکریت.

## هیزی موشەکی عیراق

دوای ئینقلابی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەعیراق وروخاندنی دەسەڵاتی مەلەکی و هاتنە کایەی دەسەڵاتی کۆماری بەسەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسمی گەورە ئەفسەری سوپای عیراقی راستەوخۆ دەسەڵاتی نوێی عیراقی وەك خوویکی هەموو دەسەڵاتدارانی پیشووی عیراق دەستیکرد بەکرینی چەك بەهەدەردانی سەدان ملیۆن و ملیار لەو ریگەوە.

بەماوەیەکی کەم دوای ئینقلاب عبدالکریم قاسم وەفدیکی سەربازی رەوانەی یەکیتی سۆڤیەت کرد بەمەبەستی کرینی موشەکی دوورهاویژ لەو وڵاتە، دوای گفتوگۆیەکی دریژ توانیان یەکیتی سۆڤیەت رازیبکەن بەفرۆشتنی ٦ سەکۆی موشەکی تەواو لەجۆری لۆنا بەعیراق.

دیارە ئەو کاتە رەوشی عیراق لەرووی ناوخۆو ئیقلیمەوە هیندە لەبارنەبوو بەتایبەتی ئینقلابەکە بەسەر دەسەڵاتی مەلیکی کرکابوو کەلایەنگیری بەریتانیای دەکردو قاسمیش لەدژی بەریتانیا کاری دەکرد.

هیندە پێنەچوو شای ئیران دەستیکرد بەهەرەشە کردن لەسنوورەکانی باشووری عیراق یان بلیین لەئاوی شەتولعەرەب ئەوە بوو قاسم زوو کەوتە خۆو سەکۆی موشەکەکانی گویزایەوە بۆ نزیك سنوورەکانی ئیران و ئاراستەکەشی بەرەو هەندێ شاری ئیرانی دانا بەهۆی ئەم وەڵامەی قاسم بۆ هەرەشەکانی شا، شای ئیران لەهەرەشەکانی پاشگەزبۆوەو هیرشی نەکردە سەرقاسم، چونکە هەستی کرد قاسم چەکی تازەی دەست کەوتووەو بەرگری دەکات.

دوای تیپەربوونی چەند سالیکی کەم عەبدولکەریم قاسم لەسەر کار لابراو عەبدولسلام عارف هاتە سەرکارو ئەمیش بەهەمان شیوە خەرجییەکی زۆر بۆ سوپا تەرخان کردبوو، دواتر بەهۆی کەوتنی فرۆکەکەی لەناوچەی دیرە لەناو چوو نەماو دواتر عەبدورەحمان عارف هاتە سەرکار.

لەبەر ئەوەی لەماوەی ١٠ساڵی ١٩٥٨-١٩٦٨چەندین دەسەڵات هاتنە سەرکارو دەسەڵات زوو زوو گۆران حکومەتەکان هیندەی سامانی گەلیان لەهیزی سەربازی خەرج نەکرد وەك ئەوەی لەدوای ١٩٦٨بەعسییەکان بەتەواوی دەسەڵاتیان گرتە دەست و هەرچی سامانی خەلکە لەکرینی چەك و تفاق خەرج کردوو میللەتیان پێلەناوبرد. بۆیە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لە ١٩٦٨ یەکسەر ریککەوتننامەیەکیان لەگەڵ یەکیتیسۆڤیەت ئیمزاکرد بۆ کرینی موشەکی(زەمین بەزەمین) جۆری لۆناو لەوکاتەوە یەکەم لیوای تایبەت بەموشەك پیکهینراو بەناوی لیوای ٢٢٥ی زەمین بەزەمین.

دواتر لەساڵی ١٩٧٨ لەریکەوتنیکی دیکە لەگەڵ بەرازیل ژمارەیەك موشەکی زەمین بەزەمینی کرا کە مەوداکەی ١٥٠ کم بوو بەناوی (ئیستڕۆس) ئیدی عیراق بەکرینی ئەم مووشەکانی لیوایەکی دیکەی

موشەکی پێکهێنا بەناوی لیوای ٢٢٦ی موشەکی زەمین بەزەمین بەعسیەکان کاتێك دەسەڵاتیان گرتە دەست بۆ ئەوە دەسەڵاتیان نەگرتە دەست خزمەتی خەلکی بکەن و هێمنی و ئاسایش بۆ خەلك دابین بکەن، بەلکو بەپێچەوانەوە لەچرکەی یەکەمی گرتنە دەستی دەسەڵاتدا دەستیان کرد بەکوشت و بڕی خەلکی عیراق بەتایبەتی کوردستان. بەعسیەکان تەنها مەترسیان نەبوو لەسەر خەلکی عیراق لەناوەو،بەلکو بۆ دەرودراوسێ و ناوچەکەش زیان و کێشەیان هەبوو، تاکار گەیشتە ئەوەی ڕۆژی ٢٢/ئابی/١٩٨٠ شەڕیکی بەربلاوی خویناوی لەسەر سنووری عیراق ئیران دەستی پێکرد کەدواتر ماوەی ٨سالی خایاند و عیراق بری ٥٠٠ ملیار دۆلاری زەرەر لیکەوت. دوای دەست پێکردنی شەر بەسالیك ١٩٨١ رژیمی عیراق ریککەوتنیکی دیکەی لەگەڵ روسیا ئیمزاکرد بۆ کرینی موشەکی سکۆدی رووسی کەمەوداکەی ٢٥٠ کیلۆمەترە، بەکرینی ئەم موشەکە سوپای گیرەشیوینی عیراقی قۆناغیکی نوێی بری لەپیشکەوتن و دەست کەوتنی چەکی نوێی سەردەم.

ڕژیمی عیراق شەش سەکۆی پیشکەوتوو لەگەڵ سەدان موشەکی یەدەگ لەماوەیەکی کەم گەیاندە عیراق بۆ ئەوەی گورز لەئیران بوەشینیت، چونکە ئەو کاتە ئیران موشەکی سکۆدی نەبوو. ئەم مووشەکە کلاوەکەی ٢٥٠کیلۆ(T.N.T) هەلدەگریت و یەك کیلۆمەتر چوارگۆشە دەوری خۆی خاپورو ویران دەکات.

کاتیك عیراق موشەکەکانی گەیشتە دەست لەریگەی ئاویەوە لەبەندەری ئەحمەدییەی کویت راستەوخۆ کەوتە جیگیرکردنی سەکۆکان و موشەك باران کردنی چەند شاریکی ئیران بۆ ئەوەی گوشار بخاتە سەر ئیران بەراگرتنی شەر. ئەوەبوو چەند شاریکی ئیرانی بەتەواوی خاپور و ویرانی کرد وەك شاری (دیزەفول – دهلەران– گەیلان غەرب – بەشیکی تارانی پایتەخت).

ویرانکردنی ئەم شارانە کاریگەری نیگەتیڤی کردە سەر ئیرانیەکان و زۆر نیگەرانیکردن هەر بۆیە ئەوانیش هەولیاندا بەزووترین کات ئەم مووشەکەیان دەسکەویت. دواتر ئیرانیەکانیش ئەم موشەکەیان دەست کەوت و لەکۆریاو دەستیانکرد بەموشەك بارانکردنی عیراق، بەڵام چونکە بەریژەیەکی کەم دەستیان کەوتبوو هیندە شارەکانی عیراقیان موشەك باران نەکرد نەوەکا یەدەگی موشەکیان تەواوبیت. بەپیچەوانەی عیراق کە ١٠سەکۆی گەرۆکی هەبوو ئەو کاتە لەگەڵ ٦ سەکۆی جیگیر کە دەیانتوانی رۆژانە ٦٤ موشەك لەئیران بگرن.

رۆژی ١٧/٤/١٩٨٨ ئایەتوڵلای زانای گەورەی ئیرانی کاتیك لەلەندەن بوو بەتەلەفۆن پەیوەندی بەسەدام کردو تکاوداوای لیکرد شاری (قوم) موشەك باران نەکات لەبەر پیرۆزی شارەکە بەلای ئیرانیەکانەوە، بەڵام دواتر سەدام فەرمانی دەرکرد بەموشەك باران کردنی قوم بەهەشت موشەکی سکۆد.

لەکۆتاییدا رۆژی ٨/ئابی/١٩٨٨شەری نیوان ئەو دوو وڵاتە وەستاو عیراقیش بەزەرەریکی گەورەی ماددی ئەخلاقی کۆمەڵایەتییەوە هاتە دەرەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنەبوو کەرژیمی عیراق واز لەکرینی چەك و موشەکی بالیستی دەهینێ، ئەوەبوو

لەسالی ١٩٨٩ دەزگایەکی نوێ بەناوی(تصنیع عسکری) پێکهێنرا کە حسین کاملی ئامۆزاو زاوای سەدام سەرپەرشتی دەکردو بودجەی ١٠٠ ملیار دۆلاری بۆ تەرخانکرا.

لەگەڵ پێکهێنانی ئەم دەزگانوێیە رژێمی عیراق سەدان ئەندازیارو شارەزای سەربازی لەم دەزگایە کۆکردەوە بۆ پێشخستنی چەکی عیراقی و تازەکردنەوەی، هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەیان کەسی رەوانەی وولاتانی وەك: ئەمەریکاو بەریتانیاو سۆڤیەتو بەرازیلو فەرەنساو چین کرد بەمەبەستی شارەزابوون لەبواری پیشەسازی چەك لەم وولاتە.

لەماوەیەکی کەمی کارکردنی ئەو دەزگایە هەلسا بە تاقیکردنەوەیەکی زۆرو کاریبەردەوام کە ئەنجامەکەی بەو ماوە کەمە پێشخستنی موشەکی سکۆدی روسی کەوایان لێکرد کلاوەکەی ١٠٠٠کیلۆ (T.N.T) هەلبگریتو مەوداکەشی بگاتە ٦٥٠کیلۆمەتر و هێزی کاولکردنیشی لەیەك کیلۆمەتر چوارگۆشە بکەن بە ٤کیلۆمەترچواگۆشە.

پاشان ئەم دەزگایە کاریکرد بۆ دروستکردنی موشەکی حوسین کە بریتیبوو لەپێشخستنی موشەکی سکۆدی روسی ئەمیش بەهەلوەشاندنەوەی ٣ موشەکی سکۆد بۆ دوو موشەکی حوسین کە ئەوکاتە رژێمی عیراق زیاتر لە دووهەزار موشەکی سکۆدی لەئەمباری تاج دانابوو. ئەوەی زۆر سەیریشە ئەوەیە کاتێك رژێمی عیراق ئەم موشەکانەی لەروسیای کریبوو بەوپێیە کریبووی هەر موشەکێك (٢٥٠)کیلۆگرام (T . N.T)تیایە، ئەمەش وای لەرژێم کرد بالوێزی روسیا لەبەغدا بانگ بکات بۆ وەزارەتی دەرەوەو نارەزایی توندی پێرابگەیەنن.

دواتر عیراق بیری لەبەستنی کلاوەی بایەلۆژیو کیمیاوی کردەوە لەموشەکی حوسین، پاشان لەتەمووزی ١٩٩٠ لیژنەیەك لەدەزگای (تصنیع عسکری) پێك هات بۆ دروستکردنی موشەکێکی نوێ بەناوی(عەباس) ئەم مووشەکە دەبوایە (٢٥٠٠کغم) (T . N. T) هەلبگرێتو مەوداکەی بگاتە(١٥٠٠کم) و تواناشی هەبێت کلاوەی ناوەکی لێ ببەسترێت.

ئەوەبوو عیراق نەیدەتوانی ئەم موشەکە لەخاکی خۆیدا تاقی بکاتەوە لەبەر نەبوونی خاك بۆیە هەلسا بەبەکریگرتنی بیابانی مۆریتانیا بەمەبەستی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە.

## کاتی داگیرکردنی کویت لەلایەن عیراق

کاتێك عیراق کویتی داگیرکرد خاوەنی ئەمبارێکی گەورەی چەكو جبەخانەی سەربازی بوو بەتایبەتیش موشەکی دوورهاوێژ کاتێکیش وادەی لێدانی عیراق لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە نزیك بۆوە عیراق کەوتە کۆکردنەوەی موشەکەکانو دەستیکرد بەشاردنەوەی رێژەیەکی زۆرو جێگیرکردنی ژمارەیەکی کەم بەئاراستەی ئیسرائیلو سعودیە.

عیراق بەهێزی ئاسمانیو موشەکی خۆی دەنازیو لەخۆباییبوو بێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ چەکە پێشکەوتووەکانی ئەمەریکاو

هاوپەیمانانی بکات کەدواتر توانیان ریژەیەکی بەرچاوی دەزگای سەربازی عیراق تیك و پیك بشکینن.

رۆژیك بەر لەدەست پیکردنی هیرشی بەربلاوی هاوپەیمانان رژیمی عیراق زانیاری تەواوی گەیشتە دەست سەبارەت بەچرکەو سەعاتی لیدانی عیراق واتا سەعاتی سفر بۆیە یەکسەر فەرمانی دەرکرد بەحالەتی ئەوپەری نائاسایی لەتەواوی سوپای عیراق و مولەت وکاری پیویست قەدەغەکرا لەریزەکانی سوپاو هەلسا بەجیگیرکردنی چواربنکەی موشەکی لەسەر سنووری رۆژئاوای عیراق بەئاراستەی ئیسرائیل قایم کردنی چەند سەکۆیەکی تر لەسەر پشتی ئۆتۆمبیلە تایبەتی یەکانی سەکۆ بۆ ئەوەی بەگەرۆکی لەناو بەغداو دەوروبەری جولە بکات و لەمانگە دەستکردەکانی ئەمەریکا بشیوینێ سەبارەت بە جیگەو پیگەی سەکۆکان.

ئەوکاتە عیراق خاوەنی چوارلیوای موشەکی تایبەت بوو، دوو لیوایان (٢٢٥،٢٢٦) لەکویت جیگیرکرابوون و دوانەکەی تریان (١١٣،٢٢٤) لەناوەوەی عیراق کەزۆر پیشکەوتووتربوون لەوانەی کویت و کەموشەکی حوسینیان لابوو توانای هەلگرتنی کلاوەی بایەلۆژی هەبوو.

لەبەرەبەیانی ١٩٩١/١/١٦ سەدام فەرمانی دەرکرد بەگواستنەوەی هەردوو لیوای موشەکی(٢٢٣،٢٢٤) لەبارەگای لیوا بۆناو کیلگە کشتوکالیەکانی راشیدیە لەنزیك پردی موسەننا، لەترسی هیرشی فرۆکەکانی هاوپەیمانان، ئەوەبوو هەر ئەوشەوە بارەگای ئەو لیوایە تەخت و ویرانکرا کە تەنها وەرشەیەکی دروستکردنی موشەکی

حوسینی لیبەجیمابو، دواتر رۆژی ١٩٩١/١/١٧ فەرمان دەرکرا بەلیدانی چەند ئامانجیك لەناو ئیسرائیل لەتەل ئەبیب بەوشەی نهینی(تل مەحەمەد) هەروەها چەند ئامانجیك لەناچەی خوبر لەسعودیە کەهیزەکانی ئەمەریکای لیجیگیرکرابوو دواتر لەسەعات ١٢ی هەمان رۆژدا دەسکرا بەجیگیرکردنی بەشیك لەموشەکەکانی هەردوو لیوای (٢٢٤،٢٢٣) لەسەر سنوری سوریاو ئەردەن رووەو چەند ئامانجیکی ئیسرائیلی لەدوری (٢٣٠)کم و تەواوی ئامادەکاری یەکان جیبەجیکان. سەبارەت بەئاراستەو پیکانی ئاماجەکانی دواتر بۆ رۆژی ١٩٩١/١/١٨ بریار وابوو سەعات ١٢ی شەو دەست بەتەقاندنی بکری بەلام بەهۆی بونی چەند هەلەیەکی تەکنیکی لەئاراستەکردن، سەعاتی سفر راگیرا تاوەکو سەعات ٢ی رۆژی دواتر کە هەشت موشەکی حوسینیان گرتە ناو ئیسرائیلو هەموشیان ئامانجی خۆیانی پیکا. ئالەو کاتەدا ئەمەریکا کەوتە هیورکردنەوەی ئیسرائیل لەبەرامبەر قەرەبوویەکی زۆر تەنها بۆ ئەوەی وەلامی بۆ عیراق نەبیت. لەکاتیکدا ئەمەریکا پیش وەخت موشەکی پاترۆیتی دابووبەئیسرائیل بۆ ئەوەی وەك دژە موشەك لەدژی موشەکەکانی عیراق بەکاری بیهینی و لەئاسمان بیان تەقینیتەوە بەلام هەلەیەکی گەورەیان کردبوو لەخیرایی موشەکەکانی عیراق، چونکە ئەوان پییان بوابوو خیرایی هاتنە خوارەوەی موشەکی حوسین ناگاتە ٣٥٠٠کیلۆمەتر لەسەعاتیکدا، کەچی موشەکەکانی عیراق بەخیرایی ٥ هەزار کیلۆمەتری لەسەعاتیکدا

دابەزیو موشەکەکانی ئیسرائیل نەیانتوانی بەر بە موشەکی حوسینی عیراقی بگرن.

دوای موشە بارنکردنی ئیسرائیل خیرا موشەك‌و سەکۆکانیان کشاندەوە بۆ بەغداو شاردیانەوە لەشوینە نهینیەکانی خۆیان لەترسی فرۆکەکان و دابەزینی ئاسمانی(انزال الجوی) سوپای هاوپەیمانان.

رۆژی ١٩٩١/١/١٩یش سەعات ١٢ی شەو لەناوچەی رومادی سەکۆکانی عیراق چوار موشەکیان گرتە ئیسرائیلو کشانەوە بۆ نزیك شاری رومادی ناو دارستانیکی دەستکرد دواتر رۆژی ١٩٩١/١/٢١ فەرمان دەرکرا بەدابەشکردنی سەکۆکانی بۆ چوار ناوچەی جیاجیا لەترسی لەناو چوونی یەکجارەکی.

## ووشەی نهینی

سەدام حوسینی سەرۆکی عیراق هەموو کات ئامادە بوو هەموو ریگاکان بەکاربهینێ تەنها لەپیناوی مانەوەی خۆیدا. کاتیکیش کویتی داگیرکرد سالی ١٩٩٠، ئەگەری روودانی هەموو کارەساتیك دەکرا لەناوچەکە، بەتایبەت بەکارهینانی چەکی بایەلۆژی لەدژی ئیسرائیل و سعودیە بۆیە هیزەکانی هاوپەیمانان هەموو رێو شوینیکی خۆپاراستنیان گرتبووە بە لەترسی رژیمی عیراق.

رۆژی ١٩٩١/٢/١٧ سەدام حوسینی سەرۆکی رژیم فەرمانی دەرکرد بەبەستنی چوار کلاوەی بایەلۆژی لەسەر موشکە دوورهاویژەکانی عیراق بۆ لیدانی ئیسرائیل و سعودیە لەژیر ووشەی نهینی (تمر خستاوی).

ئەم کلاوانە بەستران لەترسی ئەگەری لیدانی عیراق بەگورزی ناوەکی لەلایەن ئەمەریکا یان هیزە هاوپەیمانەکانەوە هەر کلاوەیەکیش ١٠٠٠ تا ١٥٠٠ کیلۆ ماددەی بایەلۆژی تیکرابوو کەلە توانایدا هەبوو یەك کلاوەی ١٠٠ هەزار کەس لەناوبەرێ لەماوەیەکی زۆرکەم. بەلام دوای ١٢سەعات لەهەرەشەکانی بۆش بۆ سەرۆکی عیراق سەدام، ئەم فەرمانەی پاشەکشەی پیکرا، ئەوەی لەو کاتەشدا گرفتیکی گەورە بوو بۆ عیراق لیدرانی ئەم کلاوانەبوو لەلایەن فرۆکەکانی ئەمەرکیاو هاوپەیمانان، چونکە دەبووە هۆی لەناوچوونی خەلکی ناوخۆی عیراق، بۆیە خیرا کلاوەکان گویزرانەوە بۆ شوینی نادیاریتر، دواتر سەعات ٨ی بەیانی ١٩٩١/٢/٢٧سەعاتی سفری شەروەستان راگەیەنراو عیراق بەزیانیکی بیشوماری سەربازیو بەسەر شۆری لەکویت پاشەکشەی کرد لەماوەی ٧ رۆژی دیاریکراو.

لیرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەسوپایەکی بەهیزی ئەوسای وەك رژیمی عیراق کەخاوەنی هەشت سەد هەزار سەرباز و ٥ هەزار تانك‌و نزیکەی هەزار فرۆکەی سەربازی بوو لەماوەیەکی کەم خۆی نەگرت و تەفروتونا بوو، ئەویش بەهۆی کەللە رەقی رژیم‌و داگیرکردنی خاکی وولاتان‌و داگیرکاری‌و ستەم.

سەرچاوەکان :

١- لعبه الارهاب .. د. حامد البياتی ... چاپی لەندەن ٢٠٠١
٢- برنامج الصواريخ العراقی .. العقيد عبدالعزيز الجنابی.
٣- سايتی الجزيره نيت
٤- سايتی bbc arabic.com
٥- رۆژنامەی ئەلشەرقلئەوسەت
٦- گۆڤاری المجله
٧- گۆڤاری العربی
٨- رۆژنامەی ئەلوەتەنی کويتی
٩- سايتی رۆيتەر ( بەشی زمانی عەرەبی ) يەکەی
١٠-رۆژنامەی رافيدەينی ئەنجومەنی بالای شۆرشی ئيسلامی لەعيراق